هاوکاری

التضامن

ژمارە (١٩٢) ٩-١١-١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

تەلەفۆن ٢٠٣٦٥

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرنەچێ و لە دار الحریە چاپ نەکرێ

سەرەك كۆمار سەرپەرشتی كوبونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیرانی كرد

سەرەك كۆمار كاك احمدحسن بكر پاش نیوەرۆی چوار شەممەی رابوردوو لە كۆشكی جمهوری سەرپەرشتی كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی وەزیرانی كرد • وە لەكۆبونەوەكەدا كە نزیكەی دوو سەعاتی خایاند باسی بەرنامەی ئاسایی وەزارەت كرا •

ئا•د•ع

سەرەك كومار نامەیەكی لە سەركۆماری صۆمالەوە پێگەیشت

ئێوارەی ٧-١١ سەركۆمار بەرێز احمد حسن بكر لە بارەگاكەیانا لە كۆشكی جمهوری پێشوازی مقدم فارح وعیسی دوولی ئەندامی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی صۆمالیان كرد • وەلەدیدەنییەكەدا نامەیەكی بەرێز محمد سیاد بری سەرۆكی كوماری دیموكراتی صۆمالیان لێوەرگرت •

ئا•د•ع

جەنگاوەرانی كەمبۆدیا شاری "سرانگ" یان رزگار كرد

بەگژا چوونی پرۆژەكانی ئەمەریكا ئەمڕۆی گەدانی ناوچەكەمانە

پرۆژە شەش خاڵییەكەی ئەمجارەی ئەمەریكا دەربارەی مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

قاهیرە : ئاژانسەكان : شەوی ٦-١١ دكتور هنری كیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریكاو ئەوە وەفدەی لەگەڵیایەتی لەچوار چێوەی ئەوگەشتەی بە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەیكات ، گەیشتە قاهیرە ، وەلەوێ لەگەڵ كاربەدەستانی میسر دەربارەی مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەراست وتوێژ ئەكات • لەلایەكی تریشەوە رۆژنامەی « الانوار » كە لە بێروت دەرئەچێ وتی: كیسنجەر پرۆژەیەكی تازەی پێیە بریتییە لەم خالانەی خوارەوە :

١ - ناوچەی « شرم الشیخ » بخرێتە ژێر چاودێری دەولەتان وبیابانی سینا بدرێتەوە بەمیسر بەمەرجێ ناوچەیەكی « چەك داماڵراو » بێ •

٢ - دیاری كردنی پاشەڕۆژی هەرێمی غەززەی زەوت كراوو بدرێتە دەست فەلەستینییەكان جا ئایا «دەولەتێكی فەلەستینی تیا دابمەزرێنن یان بخرێتەسەر میسر یاخود ئەردەن » •

٣ - هەموو پاپۆرێك مافی ئەوەی هەبێ كە بە كەنالی سویس‌دا هاموشۆ بكات •

٤ - قدس لەژێر دەسەلاتی ئیسرائیلدا بمێنێتەوە •

٥ - دەربارەی بەری رۆژئاوای زێی ئەردەن ، ئەمەریكا پێشنیاز ئەكات كەسنورەكەی دەستكاری بكرێت بەجۆری كەچەند شوێنێكی ستراتیجی لە - خلیل و قلقیلیە - لەژێردەسەلاتی ئیسرائیلا بێ‌و لە بەری رۆژئاوا دەولەتێكی فەلەستینی چەكدا- ماڵراو پێك بهێنرێ‌و ئەگونجێ لەدوایيا غەززەشی بخرێتە سەر •

٦ - بەرزاییەكانی گۆلان ئەدرێتەوە بەسوریا بەمەرجێ ناوچەیەكی چەكداماڵراو بێ‌و هێزێكی ئاسایشی دەولەتان لەچەند ناوچەیەكیا ببێ •

رۆژنامەكە وتویە ، نیكسون ئەیەوێ باری ناوچەكە لەماوەی سێ مانگدا چارەسەر بكرێت •

● سەرۆكۆمار كاك احمدحسن بكر هەفتەی رابوردوو لەبارەگاكەیانا لە كۆشكی جمهوری پێشوازی بەرێز هەواری بومیدیەنی سەرۆكی جەزایریان كرد • بەرێز بۆمیدیەن سەری لە عیراق و كوێت و سوریا دا ●

بریاریكی گرنگی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش بریاری‌دا كە موچە بەردەوام بدرێت بەو فەرمانبەرو موستەخدەمو كرێكارانەی دەولەت كە بۆ خزمەتی ئحتیاتبانگ كراون • وە ئەوانەی لە دەزگایەكی دەولەتدانین موچەی (متطوع) وەربگرن نەك هی سەربازی ئاسایی • ئەمەش تەواوی بریارەكەیە :

بریاری ژمارە (٩٣٩) ریككەوتی ٦-١١-١٩٧٣ بەناوی گەل • ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش :

ماددەی یەكەم : - أ : فەرمانبەرو موستەخدەمو كریكارانی دەولەت لەهەركاتیكا بانگ بكرێن بۆ خزمەتی ئیحتیات بەدرێژایی ئەو ماوەیەموچەی تەواوی خۆیان وەرئەگرن •

ب - بەلام ئەوانەی بانگ ئەكرێن بۆ ئیحتیاتو لەبرگەی (أ) باس نەكراون موچەی(متطوع) لە وەزارەتی بەرگری وەرئەگرن •

ماددەی دووەم : ناوەرۆكی ئەم بریارە ئەو بریارانە چاك ئەكات كە لە یاسای ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٩ی یاسای خزمەتی عەسكەری‌و سیستەمی‌خزمەتی نایب ئەفسەرو مەراتبو سەربازانی ژمارە-٦٠-ی ساڵی ١٩٦٤ دایەو لەگەڵ ئەو بریارەی سەرەوەدا ناگونجێ •

ماددەی سێیەم : ناوەرۆكی ئەم بریارە لە بەرواری (٦-١٠-١٩٧٣)ێوە جێ بەجێ ئەكرێت •

ماددەی چوارەم : ئەم بریارەلە رۆژنامەی رەسمی‌دا بلاو ئەبێتەوەو وەزیرەكان ناوەرۆكەكەی جێ بەجێ ئەكەن •

احمد حسن بكر
سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش

٢٠ هەزار كرێكاری ئینگلیز مانیان گرتووە

لەندەن : نیویورك : ئاس : رۆژی ٧-١١ نزیكەی ٢٠هەزار كریكارو موچەخۆری پۆستەی بەریتانیا مانیان گرتو بەم مانگرتنەیان داوا ئەگەن كە باری گوزەرانیان چاك بكرێتو رۆژانەكەیان زیاد بكرێت • لەلایەكی تریشەوە كریكارانی فابریقەی ئوتوموبیل دروست كردنو بەندەرو كانەكان بریاریان‌دا كەمان بگرن بۆ هەمان مەبەست •

وەلەشاری نیویورك بلاوكرایەوە كە مانگرتنی كریكارانی رێگای ئاسمانیو خەستەخانەو ئاگركوژێنەوەو رۆژنامەو چاپخانەكان بەجاری هەموو ئیش‌وكارێكی شارەكەی پەك خستووەو حكومەتی نارحەت كردووە •

شۆرشگێرانی كەمبودیا دوژمنیان شپرزە كردووە

فنوم پن : یونایتدپریس : رۆژی ٧-١١ جەنگاوەرو شورشگێرانی گەلی كەمبۆدیا دلێرانە شاری سرانگیان رزگار كرد • ئەم شارە ٣٣ میل لەخوارووی رۆژئاوای فنوم‌پنەوە دوورە • ئاژانسەكە ئەڵێ : شورشگێران لەپێشا سەنگەرو بنكەی هێزەكانی فنوم‌پنیان توپ باران كردوەو ئنجا هێرشیان بردۆتە سەرشارەكە •

هەروەها ئاژانسەكە لە چەند سەربازێكی رێژیمی لون نۆلەوە كە لەشارەكەرایان كردووە زانیویەتی كەكاتی شۆرشگێران پەلامساری شارەكەیان داوە بەسەدان سەربازی حكومەت كوژراوە •

وەكو ئەزانین لەرۆژی یەك شەممەی رابوردووە ئەمە دووەم شارە كەشورشگێران رزگاری ئەكەن •وەشارەكەی‌تر كەشورشگێران رزگاریان كردبوو شاری (ترام خنار)ەكە كە ٦ میل لەشاری (سرنگ)ەوە

بروانە ل -٧-

هێزی چەكداری نیشتمانی گینیا- بیساو دەستی دلێرانە لەدوژمن ئروە شێنێ

كوناكری : شینخوا : پارتی سەربەخۆیی گینیا - بیساوی ئەفەریقایی رۆژی ٣٠-١٠ لە كوناكری بەیاننامەیەكی بلاو كردەوە تیایدا رایگەیاند كە هێزی چەكداری نیشتمانی لەسەرەتای مانگی ئوكتۆبەرەوە تاوەكو ٢٤-١٠ دەستی دلێرانەیان لە هێزەكانی ئیمپریالیزمی پورتوگال وەشاندووەو زیانێكی گەورەیان لێداوە •

بەیاننامەكە ئەڵێ لە ٧ تا ١٣ی ئوكتۆبەر هێزەكانی لە شكری نیشتمانی لەسەر رێگای كادیقۆی‌و ئیمبیریم لەناوچەی كۆبوكاری بو سەیەكیان بۆهێزەكانی دوژمن داناو لە ئەنجامدا دوو ئوتوموبیل پەكخراو ١٨ سەرباز لەناوبران •

وەلە ١٩ی‌مانگا شورشگێران لەنزیك سەربازگەی ئەمبادا لە ناوچەی كوبیسیكو ١١ سەربازیان لەناوبردوو چەكو تفاقێكی زوریان دەستكەوت بوو • هەروەها لە ١٧ی مانگا شۆرشگێران لەگەڵ هێزێكی‌دوژمنا بەیەكا هاتنو ١٧ كەسیان لێ كوشتن بەیان نامەكە

لاپەڕە - ٢ -

قاهیرەو واشنتۆن پەیوەندی دیپلوماسیان بەستەوە

قاهیرە : ئاژانسەكان : رۆژی ٧-١٠ كاك انور سادات سەرۆكی میسر بۆ ماوەی سێ سەعات لەگەڵ هنری كیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا كۆبۆوە • وە لەدوای كۆبونەوەكە هەردوولا كونگرەیەكی رۆژنامەنووسیان گرت‌و كیسنجەر لەكونگرەكەدا وتی:

بروانە ل -٧-

پرۆژەكەی كیسنجەر ئیسرائیل خەڵات ئەكات وگەلی فەلەستین لەمافی خۆی بێ بەش ئەكات

هەرچەندە هێشتا بەتەواوەتی نەخشەكانی كیسنجەر ئاشكرا نەبووە ، بەڵام ئەو بەشە هەواڵەی كەوتۆتە ناو ناوانەوەو ئاژانسەكانی دەنگوباسی نێو دەولەتان باسی ئەكەن بەسە بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێكی هوشیار مەبەستی گەشتەكەی كیسنجەر بزانێتو لەبەر روشنایی ئەم مەبەستەدا ئامانجی جەنگ‌راگرتنیش تێ بگات •

ئەو پرۆژە شەش خاڵییەی كیسنجەر كە رۆژنامەی «الانوار»ی لوبنانی بڵاوی‌كردەوە دوو شتی سەیرمان بۆ ئەخاتە ڕوو كە هەرگیز لەگەڵ ئاوات‌و ئامانجی گەلی فەلەستینو گەلانی عەرەب‌دا رێك ناكەون •

یەكەمیان : ئیسرائیل لەجیاتی ئەوەی دەربارە دەستدرێژییەكەی ی حوزەیرانی ١٩٦٧ دووچاری سزابێت‌و تەمێ‌بكرێت كەچی بەكۆمەڵێك جێ بۆ چۆڵ‌كردن خەڵات ئەكرێت وەكو ئەوەی رێگای بدرێت بەسەربەستی بەكەنالی سویس‌دا هاتووچۆ بكات‌و لەبەشی رۆژئاوای روباری ئەردەن زەوی تازەی بدرێتێ‌و هەموو شاری قودسی بەشی كۆن‌و تازەی خەڵات بكرێت‌و شەرم شێخ بخرێتە ژێر چاودێری دەولەتانەوەو بەشی غەزە بەناوی فەلەستینێكانەوە دوارۆژێكی نادیاری بۆ نێشانەبكرێت‌و گۆلان‌و سیناش لە لەشكری میسرو سوریا قەدەغەبكرێن • واتە ئیسرائیل لەبریتی ئەوەی سەبارەت بەدەستدرێژی ی حوزەیران تەمێ‌بكرێت كەچی ئێستا نەك هەر دەریش‌ناكرێتەوە سنوری چواری حوزەیران بەڵكو بە كۆمەڵێك خەڵاتی ناياب‌و بەنرخەوە پیرۆزبایی لەو دەستدرێژییەو هەموو دەستدرێژی‌یە كۆن‌و تازەكانی ئەكرێت •

دووەم : مەسەلەی دەست‌خستنەوەی فەلەستین‌و چارەسەركردنی ئەم كێشەیەو گەڕانەوەی سەدان هەزار فەلەستینی بۆ خاكی نیشتمانی خۆیان بە تەواوەتی ئەخرێتە پشت‌گوێ‌و فەرامۆش ئەكرێن واتە نەك هەر دەست بۆ مەسەلە بنچینەییەكە نابەن كە مەسەلەی داگیركردنی خاكی فەلەستین‌و مافی چارەنووسی گەلی فەلەستینە بەڵكو پیرۆزباییش لە دامەزرانەنی ئیسرائیل ئەكەن‌و بەسەركەوتنی ئەم پرۆژەیە ئسرائیل بنكەی ئیمپریالیزمی دنیا بەسەربەستی بە بەشێكی زۆری وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقادا تەراتێن ئەكات‌و ئەبێتە سەرەپردێك بۆ پەڕینەوەو قازانج‌و دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی نوێ لە ئەمەریكاو رۆژئاواوە بۆ ئاسیاو ئەفەریقا جگە لەوەی هەمیشە هەر كوتەكی دەستی ئیمپریالیزم ئەبێت بۆ هەرەشەكردن لە دەولەتانی عەرەبی پێشكەوتن‌خوازو بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلانی رۆژهەڵات‌و ئەفەریقا •

لەبەر ئەوەو بەپێی سروشت‌و نەریتی قەوارەی ئیسرائیل كەهەر لەسەرەتاوە بەهێزی مۆنۆپۆلی‌یەكانی سەهیونی‌و ئیمپریالیزمی جیهانی دامەزراوە پێویستە لەسەر گەلانی عەرەب‌و هەموو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست‌و ئەفەریقاو هەموو دوژمنانی ئیمپریالیزم بەتوندی بەگژ ئەم پرۆژەیەو هەموو پرۆژەیەكی تری وادابچن‌و پوچەڵی بكەنەوە •

ئەوی راستبێت ئێستا گەلانی عەرەب بەگشتی‌و گەلی فەلەستین بەتایبەتی كەوتونەتە سەر دووڕیانێكی سەیرو سامناك ، یان ئەبێ بەخەباتی شورشگێری ئیمپریالیزم‌و پرۆژەكانی هەڵتەكێنن‌و لەرەگوڕیشەیان هەڵكێشن‌و خاكی داگیركراوی فەلەستین لەچنگ زایۆنیستە درندەكان رزگار بكەن‌و یان بزوتنەوەی شورشگێری گەلی فەلەستین بەتایبەتی‌و گەلانی عەرەب بەگشتی دووچاری هەڵەنگوتێكی سەخت‌و تاریك ئەبن‌و شەوەزەنگێكی ئەموستە لەچاویان دێتە پێش •

وە لەبەر ئەوەی پرۆژەی كیسنجەرو هەموو پرۆژەكانی ئەمەریكاو هاوكارەكانی كە بەناوی پاراستنی هێمنی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە ئەیانخەنە ناو ناوانەوەو بێسەی ئاگری شۆرشی گەلانی عەرەب‌و رۆژهەڵاتی ناوەراست خەفەئەكەن ، وە سەبارەت بەوەی بەشێكی نەتەوەی كورد لەگەڵ بەشێكی نەتەوەی عەرەب‌دا لەچوار چێوەی كۆماری عێراقدا ئەژی‌و بزوتنەوەی شۆرشگێری نەتەوەكەمان لە سەرأنسەری كوردستانا بەشێكە لەبزوتنەوەی شۆرشگێری هەموو گەلانی دنیاو بەسەركەوتن‌و ژێركەوتنی پرۆژەكانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم زەرەرمەندو سوودمەند ئەبێت ، سەبارەت بەمانە هەموو دڵنیاین لەوەی لەهێزو دەستە پێشكەوتن- خوازەكانی نەتەوە تێكوشەرەكەمان بەوپەری توندی‌و دلسۆزی‌یەوە ئەچن بەگژ ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و هاوكارەكانیاناو شان‌بەشانی گەلانی عەرەب دژی هەموو پیلانێكی گڵاوی ئەم دوژمنانە خەبات ئەكەن •

ئیادی

شۆڕشی ئوكتۆبەری مەزن

زۆراب

پەنجاو شەش ساڵ لەمەوپێش رەنجبەرانی روسیا بە سەركردایەتی چینی كرێكارو لێنینی مەزن شۆڕشی ئوكتۆبەری مەزنیان بەرپاكردو داوودەزگای رێژێمێكی سەرمایەداری دەرەبەگی دڕندەیان لە بارچەیەكی فراوان‌و گرنگی دنیادا پێچاوەو لەجیاتی ئەو یەكەم جار لەمێژووی مرۆڤایەتی‌دا سیستەمی سوشیالیستی عیلمی‌یان دامەزراندو رەنجبەرانی روسیایان لە چەوسانەوەی چینایەتی‌و گەلانی ژێردەستی رێژیمی روخێنراویان لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی رزگاركرد وە هەموو نەتەوەكانی ژێردەستی رێژیمی قەیسەری بوون بە خاوەنی مافی نەتەوەیی خۆیان‌و بەدەستی خۆی چارەنووسی خۆیان دەست‌نیشان‌كرد •

سەبارەت بەوەی هێزی كرێكارو پێشكەوتن‌خوازانی دنیا ئەو وزەو توانایەكی ئەوتۆیان نەبوو دەولەتە ئیمپریالیستەكان‌و كۆنەپەرستانی روسیاو چینە بورجوازی‌و دەرەبەگ‌و ئەفسەرە گەورە خاوەن دەسەلاتەكان هەموو پێكەوە بەگەلەكۆمەكی چوون بەگژ سیستەمی ساوای پرۆلیتاریای سۆڤییەتی‌دا بەنیازی ئەوەی هەر بەكۆرپەیی بیخنكێنن‌و رەنجبەرانی روسیاو دنیا لەبەری ئەو شۆڕشە مەزنە بێ‌بەش‌بكەن ، بەڵام پرولیتاریاو جوتیارو سەربازانی هەژاری سۆڤییەتی بە سەروكایەتی لێنینی مەزن‌و پشتیوانی هەموو گەلی پێشكەوتن‌خوازی سۆڤییەتی دلێرانە پارێزگاری سیستەمە ساواكەی خۆیان‌كردو قارەمانانە چوون بەگژ هەموو دەولەت‌و هێزە دەستدرێژكەرە رۆژئاواییەكاناو بناغەیەكی قایم‌و پتەویان بۆ سیستەمی سوشیالیستی دارشت بەشێوەیەك هەموو هێزە دوژمنەكان نەیان‌توانی ئیتر زەفەری پێ‌بەرن • وە نەتەوە براكانی سۆڤییەتی بەوپەری تواناوە كەوتنە بنیات‌نان‌و پێش‌خستنی سیستەمی سوشیالیستی‌و بەدڵ‌و بەگیان ئەم سیستەمەیان گرتەباوەش ، بۆیە لەساڵی ١٩٤١دا كە فاشستەكانی ئەڵەمانیا بەهێزێكی زۆرو چەك‌و تفاقێكی جەنگی بێ‌شوماردەوە پەلاماری وڵاتی سۆڤیاتی‌یان‌دا ئەم نەتەوانە وەكو تاكە مرۆڤێك یەكیان‌گرت‌و چوون بەگژ هێزە دەستدرێژ كەرە فاشستی‌یەكەی ئەڵەمانیاداو خۆیان‌و داوودەزگاو رێژیمی فاشستی‌یان تێك‌وپێك‌داو گەلێ وڵاتی‌تری ئەوروپای رۆژهەڵاتیان بەهاوكاری لەگەڵ گەلانیانا رزگاركردو لەو وڵاتانەشدا سیستەمی سوشیالیستی دامەزرا •

گەلانی دنیا هەموو ، سیستەمی سوشیالیستی سۆڤییەتی‌یان بە پشتوو پەنای خۆیان ئەزانی‌و وەك ئاسۆیەكی رونناك چاویان تێ‌بڕیبو تا وای‌لێ‌هاتبو پێشكەوتن‌خوازانی دنیا پارێزگاری ئەم سیستەمەیان لە ئاوات‌و ئامانجی گەلەكانی خۆیان جیانەئەكردەوە ، هەروەكو لینینی مەزن‌و ستالین لەیارمەتی‌و كۆمەك بەخەباتی گەلان كردنیان لە پارێزگاری‌و پێش‌خستنی سیستەمی سۆڤییەتی جیانەئەكردەوە وە بەم شێوەیە رێڕەوی ئینتەرناسیونالیزمی لەسەر پایەی قایم‌و پتەو دامەزراو خەباتی ناوكۆیی شۆرشگێڕی بوو بە رێڕەوی كاریگەری نێوگەل‌و نەتەوەكانی دنیا •

سەبارەت بەگەلی كوردیش جگە لەوەی لێنینی مەزن

بروانە ل -٧-

institut kurde de paris

بەبۆنەی ٥٦ ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەرەوە

• لینین لە دووەم کۆنگرێسی سۆڤیاتی سەرانسەری ڕوسیادا وتار ئەخوێنێتەوە •

میلیتاریستەکانی شیلی هەموو جۆرە سەربەستی یەکیان پێ شێل کردووە

★ گەلی شیلی بەیەک دەنگ هاوار ئەکات : هەر سەربەکەوین .

★ تمیلی بووە بە قینتنامیکی بێ دەنگ

لەوتاریکدا کە خاتو « هورتینسیا بوسی ئەلیندی » خێزانەکەی دکتور سلفادۆر ئەلیندی سەرۆکی حکومەتی یەکێتی گەلی شیلی لەبەردەم کونگرەی ئاشتیخوازانی ئەم دواییەی مۆسکۆدا خوێندیەوە ، باسی باری ئیستای شیلیو تێکوشانی هێزە پێشکەوتن خوازەکانی ئەو وڵاتەو ئەرکی سەرشانی کۆڕو کۆمەڵە ئاشتیو پێشکەوتنخوازەکانی دنیای کرد بەرامبەر بەگەلی شیلی کە هەروەکو ئەو وتی « بەپۆستاڵی میلیتاریستەکان هەموو سەربەستیەکی پێ پەست کراوە » .

خاتو هورتینسیا لەوتارەکەیدا داوای کرد کە پشتگیری خەباتی عادیلانەی گەلی شیلی بکرێتو هەمو جۆرە یارمەتیەک پێشکەش بە نیشتمانپەروەرانی شیلی بکرێتو هەوڵبدرێ بۆ رزگارکردنی ژیانی کۆرفالانو هاوڕێکانیو بەسەدان هاووڵاتی تر کە لە زیندانو سیاچاڵەکانی میلیتاریستە فاشستیەکانا هەڕەشەی مردنیان لێ ئەکرێت .

خاتو هورتینسیا چەند پێشنیازێکی پێشکەش بە کونگرەکە کرد لەمانە :-

١ - لەسەرانسەری وڵاتانی دنیا چەند لیژنەیەکی نیشتمانی پێک بهێنرێ بۆ کۆمەک کردن بەگەلی شیلی .

٢ - بە هەموو جورێکی تێکوشان (لەرێگای پەرلەمانو ڕەتاڵبەو ڕێکخراوی قوتابیانەوە) هەوڵبدرێ کە چی پەیوستە لەمەیانی دەوڵەتاندا بکرێت بۆ ڕیسواکردنی ئەو تاقمە فاشستیە خوێنڕێژەی نیستای شیلیو ئەو ڕێکخراوانە بەهەموو جۆرێک هەوڵبدەن کە حکومەتەکانیان هیچ جورە بەرەسمی نەیان ناسن .

٣ - دادگایەکی نێو دەوڵەتان دابمەزرێنرێو ئەو کردەوەو کوشتنو بڕینانەی تیادا تاوانبار بکرێت کە عەسکەری یەفاشستیەکانی شیلی دژی گەلو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دەستیان داوەتێ .

٤ - ئەو جەوجۆڵیو کارەتێکدەرانەیە ڕسوا بکرێن کە ئودیانایاو فابریقە مونوپۆلەکانی لەوڵاتانی ترا ئەیکەنو لەم مەیانەدا لیژنەیەکی تایبەتی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانا پێک بهێنرێو چەند ڕاپورتێکی بدرێتی دەربارەی جەوجۆڵی تێکدەرانەی ئەم جورە فابریقانە

٥ - ڕوشنبیرو نەدیبوهونەرمەندو زانایانی دنیا بانگ بکرین بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک هاوکاری لەگەڵ تاقمە خوێنڕێژەکەی شیلیدا نەکەن .

وە دوای ئەوەی خاتو هورتینسیا باسی ئەو هاوکاریو کۆمەکەی کرد کە گەلانی دنیا بەگەلی شیلیان کردووە وتی : هەمووکاتێ هاوکاری ئینتەرناسیونالیستیانە دەورێکی گرنیگی هەبووە لە سەرخستنی شۆڕشی گەلاندا . ئینجا باسی ئەوەی کرد کە چۆن بەرەی گەل بەسەرۆکایەتی دکتۆر ئەلیندی بە ڕێگایەکی ڕەوا هاتە سەرحوکم ریزی بیروباوەری بەئاشتی پێکەوە ژیانی ئەگرتو باوەری بەوە هەبوو کە هەموو گەلی ئەبێ خۆی پاشەڕۆژو چارەنووسی خۆی دیاری بکاتو گەلیش لەشیلی لەسای ئەو سیستەمەدا چاوەروانی ژیانی بەختیاریو ئاسودەیی ئەکرد . . بەڵام کونەپەرستانی ناوخۆو دوژمنان لەدەرەوە گەوتنە خۆیانو شیلیان بەو مەرەیە برد . . . نیرۆدا شاعیری کوچ کوردو ڕاستی کرد کە وتی ئیستاکە :-

« شیلی قینتنامیکی بێ دەنگە ! »

ئینجا خێزانەکەی شەهید ئەلیندی باسی ئەوەی کردووە کە چۆن میلیتاریستەکان شولی فاشستیانەو کوشتنو بڕینیان لێ هەڵگیشاوەو هەموو جورە سەربەستیەکیان خستوتە ژێر پێوەو چەندین دەزگاو یانەو کتیبخانەیان کاول کردووە . هەروەها وتی : وا ٥٠ ڕۆژ بەسەر ئەو کودەتا چەپەڵەدا تێپەڕیو فاشستیەکان ڕۆژ نیە گەخەڵکی بێتاوان نەکوژنو بەسەدان کەس لە زیندانەکان

بڕوانە ل -٧-

تێشکانی زایۆنیزم لە ئەفەریقادا

ئیستا تەنیا پێنج دەوڵەتی ئەفەریقایی ماوەکە پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا بەبڕیوە ،

یەکێکیش لەوانە خوارووی ئەفەریقایە کە تەنانەت لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقادا ئەندام نیە !• وە هەروەها سوازئایلاندو لیسوتوو تسواناو مەلاوی • وە ئەم ئەخشمەیە ئەو تێشکانە پێشانئەدات کە زایۆنیزمی دوژمن دووچاری بووە ، چونکە تا ئیستا ٢٦ دەوڵەتی ئەفەریقایی لەماوەی ساڵو نیکوێکدا پەیوەندی لەگەڵ « تەل ئەبیب » بڕیوە ، کەبەشی زۆریان لەکاتی جەنگەکەی تشرینی یەکەمدا پەیوەندییان بڕیو و هەندێکی تریشیان هەر پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبووە .

یادداشتی کۆماری دیموکراتی کۆریا

دەربارەی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی کۆریا

لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٧٣ حکومەتی کۆماری دیموکراتی گەلی کوریا لەپیونگ یانگ یادداشتێکی بڵاوکردەوە دەربارەی بەئاشتی یەکخستنەوەی هەردوو بەشی کۆریا . لەیادداشتەکەدا بەدرێژی باسی سەرەتای مەسەلەی کوریاو دیوارچەبوونی ئەکات ، لەگەڵ ئەوەتەقەللا بێوچانەی کە لەو حکومەتی کۆریای دیموکراتدا دەیانچەبوونی ئەکات ، لەگەڵ وە باسی ئەوە ئەکات کە تاوەکو ئیستا پارتیەیە سیاسیو ڕێکخراوە کۆمەلایەتیەکانی ژووروی کۆریا ١٣٠ جار پێشنیازیان پێشکەش کرد ، دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆریاو لەو پێشنیازانە :-

١ - کشمانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەخواروی کۆریا ، ٢ - کەمکردنەوەی هێزی چەکداری ژووروو خوارو بەجۆرێ کە هەرلایە هێزە چەکدارەکەی لە ١٠٠ هەزار کەس زیاتر نەبێ ، ٣ - هەموو ئەو پەیمانانە پەکبخرێن کە نێوان کۆریای خواروو ئەمەریکا ژاپۆنداموٚرکراون .

٤ - پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندی (مرکزی) بەهۆی هەڵبژاردنی گشتی یەوە کە لەو حکومەتەدا نوێنەرەکانی نیوکرانی - یاز ، ژووروو خوارووی وڵاتدا سازبکرێت .

٥ - زامن کردنی سەربەستی چالاکی سیاسی لە ژووروو خوارووی کوریادا .

٦ - پێکهێنانی یەکێتی - یەکی - کۆنفدراڵی - ناوکۆیی ژووروو خوارووی .

٧ - کردنەوەی دەرگای هاموشۆ لەنێوان هەردوو بەشی وڵاتدا .

٨ - ڕێکخستنی کوبونەوەیەکی (ئیستیشاری) سیاسی لەنێوان هەردوو لادا بەمەبەستی چارەسەرکردنو ڕاپەڕاندنی ئەم کارو بارو مەسەلانەی سەرەوە .

دیسانەوە یادداشتەکە ئەڵێ :- سەرەڕای ئەوەی کە کوریای دیموکرات بێ ڕچان هەوڵی داوە کە ئووژی هەردوو خاچی سوری ژووروو خوارو سەرکەوێ ، پێشنیازێکی تری پێنج خاڵی پێشکەش کرد ، بەمەبەستی خاوکردنەوەی باری سیاسیو هەسکەری گرژبووی نێوان هەردوو لا ، پێشنیازەکە بریتی بوو لە :- دەستاندنی چەکدارکردنی لەشکر ، کشانەوەی هێزەکانی بیگانە ، بەتایبەتی هێزەکانی ئەمەریکا لەکوریای خواروو ، کەمکردنەوەی ژمارەی ئەندامانی هێزی چەکداری هەردوو لاو ، نەکڕینی چەکو نفق لەدەرەوەو بەستنی پەیمانێکی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی سەرەوە ، بەبێ ئەوەی هیچ لایەک پەنا بەریتە بەر هێزی چەکدار . بەڵام بەداخەوە کوریا بەدەنگ ئەم پێشنیازو تەقەللایانەدا نەهات . هەروەها یادداشتەکە ئەڵێ : ئێمە بەتوندی بەرهەڵستی پرۆژەکەی ئەمەریکاو کوریای خوارومان کرد سەبارەت بە وەرگیرانی هەردوو بەشی کوریا بەئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا . چونکە ئەم پرۆژەیە لەیەکترازاندنی گەلی کوریا قوڵتر ئەکاتو بەیەکجاری وڵاتو گەلی کوریا ئەکات بەدوو

بڕوانە ل -٧-

میکانیزە کردنی کشتوکاڵ

لەکۆمۆنی گەلی جیانمینگدا

(هاوکاری - جۆرە وتارو تاقی کردنەوە سەرکەوتووانە پێشکەشی جوتیارانی کوردستان ئەکات خەباتی خۆیان دژی بەدەن لە پێناوی پێش خستنی ژیانو گوزەرانی خۆیانو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی وڵاتدا وە لە تاقی کردنەوەی سەرکەوتووانەی گەلان کۆمەڵەو گرنو تاقی کردنەوەکانی ئاریانی پێ هوتوربە بکەن •)

کۆمۆنی جیانمینگ کەساڵی ١٩٥٨ دامەزراوە لەکۆمەڵەیەکی هەرەوەزکاریەوە گەشەی کردوە ئەمەش ساڵی ١٩٥٣ کانێک کە

(وانگ قۆ) - کەئیستا سکرتێری لیژنەی حیزبی ئەم کۆمۆنەیە - ڕابەری ٢٣ خێزان جوتیاری هەژاری کرد بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەی هەرەوەزکاریە ، وە ئەم خێزانانە کاتێ دەستیان بە کارکردن کردتەنیا گوێ - درێژیکیان هەبوو لەبەرئەوە جوتیارە مامناوەنجیە - دەوڵەمەندەکان بەگاڵتە پێ کردنەوە ، بەهەرەوەزکاری هەژارانیان ناو ئەبرد .

بەڵام ئیستا کۆمۆنی جیانمینگ ٢٧٩٩ خێزان کاری تیا ئەکاتو ژمارەی دانیشتوانی ١٥ هەزار کەسەو ١٣٠٠ هەکتار زەوی چێنراوو ، ٤٦ تراکتورو ١١٥ مەکینەی کارەبایی و ٦٩ مەکینەی دیزڵو ١٣٠٠ پتر مەکینەی تری زەراعەتی هەیە ، وە لە ٢٠ دەستەی بەرهەمهێنی شانزەیان خاوەن تراکتوری ئەواون ، جگەلەوەی کە کۆمۆنەکە خۆی ئیستگەیەکی گشتی تراکتوری هەیە بۆ ئەوە ئەو زەویەی ئەشێ بەتراکتور بکێڵرێت لەکۆمۆنەکەدا بیکێڵیت وە ئیستا زوربەی ئالیک هارپینو گەنم هارپین زەوی پاک کردنەوەو لۆکەشی کردنەوەو ئاودان بەمەکینە ئەکرێت .

وانگ قۆ ئەڵێت ئێمە ئەم ئامیرو ئامرازانەمان هەمووی پشت بەگیانی « هەزاران » کریوە ، واتە لەسایەی گیانی شۆڕشگێرانە پشت بەخۆ - بەستنو تێکۆشانی بێ وچانی کۆمەڵانی فراوانی ئەندامانی کۆمۆنەکەو پشت بە هێزی ئابوری هەرەوەزکاری .

بڕوانە : ل ٧

بڕی سەربەست

لە سەر چوارەمین شەڕی عەرەب و ئیسرائیل

نووسینی پاگدل

ڕۆژی شەشی مانگی ١ بردوو چوارەمین شەڕی نێوان وڵاتانی عەرەبیو حکومەتی دەستنێژی ئیسرائیل هەڵگیرسا ئەوشەڕە لەباری پارسەنگی هێزەکانو لەباری زەوتی کارەساتەکانەوە لەگەڵ شەڕەکانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی جیاوازی زۆر بوو • ئەگەر لە چارەکانی پێشوودا ئیسرائیل دەیتوانی بە ماوەیەکی کورتو زەرەروزیانێکی کەمەوە سەرکەوتنێکی خێراو کوتوپڕ بهێنێ دەستو نیدیعا بکا کە هێزی هەوایی ئیسرائیل دەتوانێ هەموو کاتێک چارەنووسی شەڕەکان دیاری بکا ، ئەمجارە بەهۆی ئەوەوە کە دەوڵەتە عەرەبیەکان بەئامادەیی یەکی زۆرتر و هەڵوێستێکی بتەوتر هاتبوونە مەیدان هەم شەڕەکە زیاتر لەدووهفتەی خایاندو هەم ئیسرائیل زەبری زۆر گەورەی وێکەوتو بەتەواوی ئەفسانەی لەشکانناهابوویی هێزی هەوایی یەکەی تێک شکا . هەرچەند لەسەریەک ئەو شەڕەش نەیتوانی مافی زەوتکراوی گەلی فەلەستینو خاکی داگیرکراوی عەرەب لەچنگی دوژمن دەربهێنێ ، بەڵام سەربازانی عەرەب بە دنیایان سەلماند کە ئەگەر پێداویستی شەڕێکی درێژخایەن و هەمووڵایەنەیان بۆ دابین بکرێ ئەوەشاوەیی ئەوەیان هەیە کە پەلەی شکانو نوشوستی لە داوێنی نەتەوەکەیان بشۆنەوە . لەهەرحاڵدا ئەوشەڕە بۆ تا ئەبیب زۆر گران تەواو بوو و لێکدانەوەی خەڵکی لەبارەی چۆنیەتی شەڕی نێوان ئەودوو هێزەوە گۆڕی .

پاش هەڵگیرسانی شەڕ بەهەفتەیەک نووسەری ئەم وتار لە هەڵسەنگاندنێکی شەڕەکەدا و هەر لەم ڕۆژنامەیەدا هەندێ شەرتی ئەساسی بۆ سەرکەوتنی یەکجاری هێزەکانی عەرەبی خستە بەرچاو کە بریتی بوون لە گۆڕینی ئەوشەڕە بەشەڕێکی درێژخایەنو گرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەلایەن هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکانەوەو بەکارهێنانی نەوت وەک چەکێکی کاریگەر لە شەڕی ڕزگاری - خوازی عەرەبدا .

ئەگەرچی ئەوشەرتانە تەنیا شەرتی ئەساسیەی سەرکەوتنە لە سنووری ئاوات و ئارەزوو تێ نەپەڕیو یەکێتی کردەوەی وڵاتانی عەرەبی بەمانای ڕاستەقینەی خۆی وەدی نەهاتبێ ، بەڵام ئەگەر لەوڵاتەکانی ڕووبەڕووی دوژمن واتە میسرو سوریا بگەڕێتەوە تەنیا کۆماری عیراق بوو کە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوایەتی خۆی بەجێ گەیاندو بەتەواوی ئیمکاناتی عەسکەریو مادیو سیاسی خۆیەوە لەشەڕی شەرەفو چارەنووسدا بەشدار بوو • وڵاتەکانی تری عەرەبی بێجگە لەهێندێک هەنگاوی سەرەتایی هیچیان هەنگاوی بەکەڵکو کاریگەریان هەڵنەهێنایەوە • نە لەباری بەشدار بوونی بەکردەوە لە شەڕەکراو نە لەباری کەڵکوەرگرتن لە نەوتو بەکارهێنانی وەک چەکێکی سیاسی کاریگەردا دەوڵەتە عەرەبیەکان نەیانتوانی - یان بێیان نەیانەویست - هەڵویستی خۆیان بکەن بەیەکو لەجەبهەیەکی پتەودا بەرامبەر ئیمپریالیزمو سەهیونیزم ڕابوەستن • بۆنموونە ئەردەن کە دەیتوانی بە کردنەوەی جەبهەیەکی سێیەم هێزی دوژمن پەرشو بڵاوتر بکاو نەخشێکی زۆر کاریگەر لە سەرکەوتنی شەڕدا وەئەستۆ بگرێ نەیا بە ناردنی بەشێکی کەم لەهێزەکانی

بڕوانە : ل ٧

institut kurde de paris

لە ئەدەبی گەلانی ئاسیاو ئەفریقیاوە

٢- کازاخستانی سۆڤیەت ئاپای کۆنانبایيف

١٨٤٥ - ١٩٠٤

شاعیرێکی گەورەی کازاخستانە • فەیلەسووفێکی روونا کبیری مرۆڤ پەروەرە • دامەزرێنەری ئەدەبی کازاخستانی نوێیە •

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ناسیاو ئەفەریقاوە لە (ئەلماتا)ی پایتەختی کازاخستان ، کۆفاری (لۆتس) نامێلکەیەکی ئایبەتی دەربارەی ئەدەبی کازاخستانی بلاوکردەوە •(ئەپای) لە شیعریکیدا کە عەرەبی یەکەی لەو نامێلکەیەدا بەبێ ناونیشان بلاوکراوەتەوە، دەڵێت :

لە داهێنی شاخەکانداهاوارم کرد
لە چاوەڕوانی وەلامدابرژام
چەند هەوڵمدا ،
تەنها دەنگە دەنگێکم هاتەبەرگوێ
چەندی تر هەوڵمدا دڵنیابم ،
ئاخۆ ئەو دەنگانە وەلامی منن !؟
گەڕام •• ئاو شاخەکانم تەی کرد
تەنها تاشە بەردی تەڕوڵانم دی
کە بە ئاخو ئۆفێکی کپی تاڵ
وەلامی هاوارەکەمیان ئەدایەوە
سوارەکان دایان لە ئاوازەنگیو تێیان تەقان
منیان لەچەقی ڕێگاکەدا بەتەنها ،
بە بێ هاودەم جێ هێشت •
ئاه •• سەرگەردانی من چارەسەری نییە
دەبا کلپەو بێسە لەگەروومەوە شاڵاو بەرێو ،
هەوای دەوروبشتم داخ کات ••
با لافاوی فرمێسکی چاوەکانم بسوتێنێ
ئاه •• فرمێسکەکانم چەپشکۆ ئاگرێکن !
ئاه •• گیانم چە گرۆکلپەیەکی لێ هەڵ ئەسێ !
نوێنە نەرمو نیانەکان ، قورسن وەك قورقوشم
سەری ماندوو ناحەوێنەوە
دڵم پڕ لە پەژارەیەو لەنزیکمەوە
لە دەنگی بە چرپەیدا ،
فیشکەی خراپەکاریو نامەردی ئەبیسم
لێرە کەسێك لە ژیان نادوێ
هەموو هەمیشە لەسەرپێن خۆڵ بکەنە چاوتەوە ••
هەر تەڵەکەبازی پیرەژۆکەوتەی بینم
هەر درۆو دەلەسەی تەمەن درێژەو ئەی بیسم
پێنج کەس وەك برا ئەمناسن
چواریان لەمەمکی یەك دایك شیریان مژیوە
بەڵام کاتە سامناکەکانی تەنهایی لەبن نەهاتووم
وەختە گیانم بتاسێنن
کەس وکارم ئەم سەرزەمینەیان تەنیوە
دۆستو برادەرانم لە تەکمان
کەچی هێشتا هەر جێ هێڵراووم •• تەنها بانم ،
وەك گۆڕی (شاهان)یکی(١) پیر ،
کەخەڵکی خۆیانی لی کەنار ئەگرن ••
ئەمە ڕاستی یەکی سەختەو ،
هەردەم دەلاقە ئەکاتەگیانم

وەرگێڕانی : - ئەدەبو ژیان -

(١) شاهان :
لە کوردیدا جادووگەرێکی ئەگریمی چارەگەران ئەگرێتەوە •

لە گەڵ دەنگیکی تردا

پێم وت :
- با دەنگت ببیسرێت !•

وتی :
- ئەدەب لەباری نابووری وسیاسی جیاناکرێتەوە • هەر گۆڕانێك لەماندا ، ئەبێتە هۆی گۆڕانی ئەویش • بۆیە رەنگو ڕووخساری ئەدەبی ئەمڕۆمان ،جیاوازە لەهی دوێنێ • ئەدەبی دوێنێ ، بەگژ چەند دەردێکی کۆمەلایەتی دیاری کراودا ئەچوو• هی ئەمڕۆش ، ناوێنەی هیواو ئاوات و ئامانجی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە • نیشاندەری دیوی ناوەوەی ڕواڵەتی شتەکان و دەروونی ئادەمی زادە لەبەیەکادانیاندا •

کارە ئەدەبی یەکانی ئەمڕۆ ،ڕێگەیەکن بۆ دۆزینەوەی کێشەیەکی تەواو لەنێوان مرۆڤ و ئەو دەوروبەرەداکەتیایا ئەژی • کام مرۆڤ ؟!•

پۆستەی خوێنەران

گوشەی پۆستەی خوێنەران بەگەرم پێشوازی لەو بەرهەمانە ئەکات کە شیاوی ئەم گوشەیەن •! وە بەو چاوە سەیری ئەو دیاریانە ناکات کەبۆی دێت گوایا خوانەخواستە (کەلکی بلاو کردنەوەیان نییەبەلکو بەو جۆرە سەیری ئەکات کەئەمیش وەکو هەموو گۆشەکانی تر پیویستی بە وتارو هەبەست و چیروك و ••• هەیە ئەمیش ئەبێ تاقمە دۆستێکی خۆی هەبێ ، بەڵام پۆستەی خوینەران ئەو دۆستە بە دۆستی خۆی و ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی ئەزانێ کە هەرچۆن وەڵامی بداتەوە دڵگیر نەبێ و دیسانەوە ئەوەندە خۆی ماندو بکات کە نووسینەکانی گوشەی پۆستەی خوێنەران بەجێ بهێڵێو بگاتە هەوارگەکانی سەر ڕوی لاپەرەکانی تر ••

دەمەتەقێی ئەمجارەمان لەگەڵ ئەم خوشکو برا بەریزانەدایە •

● **بەبێ ناوی نهینی و ناشکراو بەبێ ناوونیشان چیروکنکمان**

بەناوی (تەماتەی زۆر خواردوە) وە بۆ هاتووە ، ئەگەر باش بێ یان خراپ بێ ئیشان چۆن بلاوی بکەینەوە ! خەڵکینە من هیچ دەنگ ناکەم ئێوە بۆ خوا قسە بکەن شتی وا ئەگونجێ •• ئەترسم کاکی نووسەری (تەماتە زۆر خواردوە) - شمان لێ بڕەنجێ ••

● **کاك کەمال سابیر لەسلیمانی :**

لەسەر ئەو ئاهەنگەی کە بەبۆنەی ڕۆژی شانۆیی جیهانەوە لە هۆڵی یانەی فەرمانبەرانی سلیمانی وە لە ڕۆژی ٢٧-٣-١٩٧٢ دا گێرابوو نووسراویکت بۆ ناردوین •• هەی عەمرەکەت درێژبێ تۆکەئەزانی نامەکەت بە بەریدا دوا ئەکەوێ بە ڕێیوارێکی ئاشنادا بۆمان بنیرە •• ئێستە ئێمە بڵێین چی ؟!

● **کاك نوری مستەفاقەرەداخی :**

پارچە هونراوەکەت (کژچی دوایی) بەرواری لەسەر نەبو •• ئەمەش پارچەیەکی هەلبژیردراوێتی :-

دایە وا ئەڕۆم
وەختی کۆچم هات
کوچی دوایی خۆی ڕونا کداهات
هێشتا لە خەو دایت
دەست درێژ ئەکەیت تۆ بۆساواکەت
ئەوسا پێت ئەڵێم
کە ساواکەی تۆ کۆچی کردوە
کۆچی دوایی خۆی ڕونا ك کردوە
••••••••

● **کاك محمد فتح اللەکۆیی:**

ئەو نامەیەی کە لە بەرواری ١٢-٥-١٩٧٣ دا ناردووتە لەم هەفتەیەدا بەدەستمان گەیشت•• بەڵام ئەوەی کە لەسەر عاصی شاعیرو ئەکتەرە قسەخۆشەکە نووسیوتە پیمان نەگەیشتووە ئکایە ئەگەر نوسخەی نوسینەکەتان لاماوە بۆمان بنیرە با بزانین چۆن ئەبێ •• خۆزگایە ئەو نووسراوانەی پێمان ناگەن خاوەنەکانیا گالەیی یان لێ نەکردیتایە ••

● **کاکە هەڤرێست :**

وادیارە کەرەسەی خاوی نووسینت زۆرە ، بەڵام تەرازوی شیعر پێوانەکەت نەختێك سەرئەکا چەندە خۆش ئەبوو ئەوەشت ڕاست بکردایەتەوە ،ئەوا هەندێك لەشیعرەکەی پیشکەش بە خوێنەران ئەکەین:

کرێکاری بوم
بناغەی کۆشکی کۆمەڵم دانا
بازوو هاری بووم
وچانم نەبوو لەشان کوتانا
••••••••

ئەوەی کە بەدەست چەوساندنەوەو ئەندیشەکانی ئەم سەردەمەوە دەنالێنێ •

ئەدەبی ڕاستەقینە ئەبێ چەکی دەستی ئەو کەسانە بێت ، کە ئەبنە سووتەمەنی شۆڕش • ئەمە لە کاتێکدا کە ئەدەبی شۆڕش جارداوو چەپلەڕێزانو دروشمی بریقەدار نییە• چونکە ئەگەر ناوەڕۆك لەبەرگێکی هونەریو ئەستاتیکی شیاودا نەبێت ، نابێتە ئەدەب •

کارتێ کردنو لاسایی کردنەوە شتێکە لە بەرهەمی زور لە ئەدیبە لاوەکاندا ئەبینرێ • مەسەلەی ونبوونو قەلەقی فیکریو ڕاکردن لەزۆر ڕاستی، شتێکی شاراوە نییە • زۆر بەرهەمیش هەن ، نیشانەی نزیك بوونەوەیان لە چنە زەحمەت کێشەکان پێوە دیارە • بەڵام ئەوەش هەست پێ نەکەم کە ناوی گیفارا •• هۆشی مینو •• هتد ، بێ مو ناسەبەت دەخرێنە هەندێ نووسینەوە ، بێ ئەوەی خاوەنەکانیان ئامادەبن دوورونزیك ، بینە پەیڕەوکەری ڕێبازی ئەوان •

بە هەرحال، نموونە ڕاستگۆ ڕاستەقینەکانی ئەدەبی نەوەی نوێخواز ، ئەبنە شایەتی دەمڕاستی ئێستاو داهاتوو • ڕۆژانیش ڕۆژی لەدوایە •

پێم وت :
- نموونەیەك لە شیعری خۆت !•

بۆی خوێندمەوە •• وتی :
ئاوازێك بۆ شۆڕش

ئامادەکردنی : کەمال میراودەلی

-١-
پێتان ئەڵێم ••
ژان بەیداخی منالانە
خەم ، چیرۆکی گشت مروڤە
ڕەشو ڕووتەکانی جیهانە
شۆڕش چەکەو بەرنامەکەی ،
وا لە فەلەستینو فێتنامو
کوردستانە •

-٢-
پێتان ئەڵێم •••
من فیشەکی تفەنگێکم ،
وام لە دەستی جەنگاوەرا •
من پێشمەرگەی سەنگەرێکم،
لێرە •• لەوێ ،
لە کەمبۆدیا •• ئەرتیریا ••

-٣-
لە سووتانا جومگەکانمان
کەوتنە دوان
زامی مردووی منالەکان
ئەیان نرکان
چاوی گەشی پەپوولەکان
دەرئەهێنران
هەژارەکان •••
بۆ مەشخەڵی گری شۆڕش
بوو ئەسووتان

-٤-
من ڕێبواری شۆڕشێکم ،
پەساپۆرتم بۆ گشت
چەوساوەکان دەوێ •
من میوانی سەنگەرێکم ،
تەنها لە لوولەی تفەنگا ،
ڕزگاربوونم دەرئەکەوێ •

ئەمە دەنگی (هەمزە عەڵی سالح) بوو • قوتابی قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکالی بەکرەجۆو تەمەن نۆزدە ساڵ •

دوای ماندوبونی ڕۆژگاری دورم
دەمم لەکوڵمی هەناو بەرنەدا
بۆ چەوساوەییم
ڕەنگی سوری ئەو شایەتی ئەدا
••••••••

● **کاك دلشاد فەتاح :**

چیروکی (بەرمیلە بچکولەکە) کە ج•د• موباسان (وەکو خۆت ئەڵێی) نووسیویەو ئیوەش کردوتانە بە کوردی•• هیوادارین لەمەولا هەندیك زیاتر خوت لەگەڵ وەرگێڕانا ماندوو بکەیت چونکە وەرگێڕان لەنووسین گرانترە •

● **بەریز خاوەنی چیرۆکی (زەونەی زەبونی) :**

ئەم سەرنجانەمان لەچیرۆکەکەدا بەدی کرد :-

١ - باسەکەی زۆروتراوەتەوە •
٢ - لەروی تەکنیکیەوە(لە چاو بەرهەمەکانی پیشوتا) لاوازە •
٣ - زۆر دورو درێژە
ئینجا لەبەر ئەم هۆیانەداوای لێ بوردن ئەکەین •

● **کاك ڕەئوف حەسەن لەسلیمانی :**

(چەکەرەی سرودێکی خوینناوی) ناوەڕۆکی باسەکەتان لەمەوبەر بلاو کراوەتەوە •• ئینجا لەبەر ئەوەی نووسینەکەی جەنابتان بەرواری پێوە نەبوونەمان زانی ئەوی جەنابتان زوو تر نووسراوە یان ئەوەی کەبلاو کراوەتەوە •• لەبەر ئەوە داوای لێبوردن ئەکەین •

● **کاك ئەژادەزیز سورەیی:**

چەند نووسینیکت پێکەوەپێمان گەیشت •• ئەوا بەزنجیرە وەڵامیان ئەدەینەوە •• (هەگبەیەك ••• کرایەوە) ئەبوا پارو پێرار بتناردایە •یەکێتی (لە ڕوانگەی بریخت)ەوە کە لە ئەدەبی گەلانەوەومرت گرتووە نیشانەی پوختی بەرهەمەکانتە بەئایبەتی ئەم پارچەیە کە ئەڵی :-

ئەی کۆیلە
کێیە کە ئازارت ئەدا ؟!
بێگومان بە ئەی هاوڕێکەم
ئەوانەی کە :
ئەتبینن و گوێیان لە بانگەوازتە
لەکوێلەکانی وەکو خوت بترازێ
کەسێ نیە ڕزگارت کات !!
یا هەمووتان بەیەکەوە ••
یانە خۆ هیچ !!

دیسانەوە (لە یادداشتی عاشقێکدا) بەشی دووەمی دان هەڵبژارد :-

تیغێ سەنگەری ئێمەیان
لە ئێوانی ••

بڕوانە ل -٧-

پانزە هەزار کیلۆمەتر و ٣- گەشتێکی دوای نیوەشەو

«حسین عارف»

کات یەکی دوای نیوەشەوە هەستێکی بێ ئارامی ، ناخی دەوروونم ئەقرچێنێ • نازانم بۆچی ؟!• مەبەسیشم نییە بزانم ! ناتوانم نەدانیشم ، نەپاڵکەووم ، نەبنووم • دێمو دەچم • ئارام ناگرم • دێمو دەچم • ئەمەوێ بیری لێ بکەمەوە بیری لێ ناکەمەوە • دێمو دەچم بێزار ئەبم • پێی پێوە ئەنێم• دێمە دەرەوە • کزەبایەکی سارد ئەدا لە لەشی داگیرساووم لەشم ئەبێ بە سەهۆڵ • بەڵام گری هەستە بێ ئارامی یەکەی ناو دەروونم ، پتر کلپە ئەسێنێ • ئەمخاتە ڕێ • ئەڕۆم • شەقامێکی نوستوو • یەکێکی تر • یەکێکی تریش • ئەم شوێنە بەرزە • ئەوەستم• ئەڕوانم • تاچاو بڕکا ئەڕوانم• ئەك تەنها شەقامەکان ، هەمووەوسکۆ نوستوە • ئەکەومەوە ڕێ • ئەوەستمەوە • ئەم شوێنە ئەهێنێ تیا بوەستم • ڕوو وەرئەگێڕم • ئەڕوانم •ورد ئەبمەوە • بەرامبەرم ، بەسەر بەرزترین گوومەزی ئەوکۆشکەوە ، چەکوش و داسەکە لەناو پەڵە هەورێکی سوورا ئەشەکێتەوە • خوار ئەو ، دیوارە بەناوبانگەکەیە • لەبەردەمی دیوارەکەدا ، دوا مەلبەندەکەی (لینین) • لەبەردەرگای ئەوپشا ، دوو (یاساوڵ - بت)ی سەوز • لەوێوەو بەرەو لای خۆم ، لەباری پانی مەیدانی سوورە •

سەیری ئەم لاو ئەولا ناکەم• شان ئەنێم بە درەختێکی سەر شۆستەکەوەو بە لەشوشك هەڵدێم • سەراپای بینایی چە چاوو چە بیروهۆش و هەستو نەستم ، ئاراستەی ئەو هێڵە ڕاستەوخۆیەی بەرامبەرم ئەکەم • وا ئەگەڕێمەوە • پانایی مەیدانەکە • دوو یاساوڵە بتەکە • دوا مەلبەندەکە • دیوارەکە •چەکوش و داسەکەی ناو پەڵەهەورە سوورەکە • لەوێ ،کەمێك بینایی چاووم ڕائەگرم• بیرلەکەمەوە • ورد ئەبمەوە •هەستو نەستم لەدیمەنەکە ئەڵێنم • ئەوسا سەرلەنوێ دێمەوە بۆلای خۆم •• دیوارەکە • دوا مەلبەندەکە •دوو یاساوڵە بتەکە • پانایی مەیدانەکە • لێواری شۆستەکەو لەشی خۆم •

سەرم بەسەر سنگما دائەشکێتەوە • سەرم لەسەر سنگم ئارام ئەگرێ • کەچی ناو سەرم •• ناو سنگم ، ناسرەوون • لەبێ ئارامی خۆیان ناکەوون • دەچن و دێنەوە • هەر دەچن و دێنەوە ، تا ئاگری جگەرەکەی دەستم ، ئەچزێت بە پەنجەکانما • ئەوسا سەرم لەسەر سنگم ڕائەپەڕێت • ئەو فرێ ئەدەم • جگەرەیەکی تر دائەگیرسێنم • دەنکە شقارتە داگیرساوەکە بە دووپەنجەی دەستی ڕاستمەوە ئەمێنێتەوە • چاووم •• بیروهۆش و هەستو نەستم ، ئەکەوونەوە چوون و هاتن •ئەچن • دێنەوە • ئەچن دێنەوە • تا ئاگری دەنکەشقارتەکە ئەچزێ بە پەنجەکانی دەستی ڕاستماو ڕائەپەڕمەوە •

هەست ئەکەم پۆلیسیك لەدووری چەند هەنگاوێکەوە سەرنجم ئەداتێ • لەناحدا ڕقم لێی ئەبێتەوە • لە دڵی خۆما ئەڵێم :

« لەهەموو شوێنێك، پۆلیس هەر پۆلیسە » •

بەڵام ، من سەرنج نادەمەئەو • لەدڵی خۆمما ئەڵێم : « هەر کەسەو پیشەی خۆی »•هەست ئەکەم ، ئەو هەر لەمن وردئەبێتەوە • ئەوا هەستیش ئەکەم، منیش هەر لەدیمەنەکەی پیش چاوی خۆم ورد ئەبمەوە••• چەکوش و داسەکە • دیوارەکە • یاساوڵەکان •مەیدانەکە • شۆستەکەو لەشی خۆم •

خۆم جارێکی تر سەرم بەسەر سنگما دائەشکێتەوە • چاووم ئەنووقێ • لەشم خەبئەبێ • بەڵام بیرو هۆش و هەستو نەستم بەداگیرساوی ئەمێننەوەو ••••

- دۆبری ڤێچە !•••

سەرم لەسەر سنگم بەرز ئەکەمەوە • هەر زوو بۆم بۆم دەرئەکەوێ ، کێیە شەو باشم لێ ئەکا !• لەوەلامیا ئەڵێم : « دۆبری ڤێچە » • ئەو ئیشارەت بۆ مەچەکی خۆی خۆی ئەکا • منیش سەیری سەعاتەکەی مەچەکی خۆم ئەکەم • ئەبینم کات دووونیوی دوای نیوە شەوە • هەست ئەکەم کات ، بەکاتی پۆلیس زۆر درەنگە • سەرنجی ڕائەکێشم بۆ ئیشانەکەی یەخەم • بۆ دیمەنەکانی هێڵەکەی بەردەمی خۆمو خۆی• بۆ کەللەی سەری خۆم • بۆ دڵی خۆم • بەڵام سەرنجم ئەدەم ، هەم تێم ئەگاو هەم تێم ناگا • ئەنجام ، بەئیشارەت پیم ئەڵێ کەشەو درەنگەو باشتر وایە بچم بنووم •

من لەناخدا ، لەسەر ئەوباوەڕەم کە باشتر وانییە • لەگەڵ ئەوەشدا ، دوا سەرنج ئەدەمەوە هێڵە ڕاستەو خۆکەی بەرامبەرم • دوا هەناسەی قووڵیش هەڵ ئەکێشمو ملی ڕێگا ئەگرمەوە بەر •

کە ئەگەمەوە ئوتێل ، کات ئەبێ بە سێو چارەکی دوای نبوە شەو • ئەبینم ئەنانەت(مصعد) - ەکانی ئوتێلەکەش نوستوون بەبێ ، تا نهۆمی هەشتەم بە پیلکانە سەر ئەکەووم • خۆم ئەگەیەنمەژوورەکەم • ئاخۆ ئەنووم ؟!•

بەغدا
٢٤-١٠-١٩٧٣

insititut kurde de paris

یادداشتێك بۆ خۆشەویستەکەم

عەبدوڵڵ موعین دەشتی

خۆشەویستم
گەر لەبەر دادگای قیامەتدا
فەرمان درا
تۆ بۆ دۆزەخ ، من بۆ بەهەشت •
پڕ بەدەنگم هاوار ئەکەم
دۆزەخ •• دۆزەخ
ئەو دڵەی هات دڵی منە
بەهەشتی ڕاستەقینەی منە

١٢٠ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی ئاوگەیاندن بە ٩٥٠٠ دێ

وەزارەتی شارەوانیەکان لەسەرەتای مانگی کانونی دووەمی داهاتودا ، دەست ئەکات بە جێبەجێکردنی پلەی دووەمی پروژەی ئاو راکیشان بۆ ٩ هەزارو ٥٠٠ دێ لە پاریزگاکانی وڵاتا .

ئەو پروژەیە لە ماوەی ٢٥ سالا تەواو ئەکریت وە نزیکەی ١٢٠ ملیون دیناری تێ ئەچیت . لە جێبەجێ کردنی پلەی دووەمی پروژەکە عیراق ٣٤٠ هەزار دیناری لێ خەرج ئەکات بەرامبەر بەو ٩٠ هەزار دینارەی کە بەرنامەی ئاوەدان کردنەوەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆی تەرخان کردووە .

وەزارەتی ئاوبراو پلەی یەکەمی پروژەکەی لە مانگی رابوردودا تەواوکردووەو نزیکەی ٢٢٧ هەزار دیناری تیا خەرج کردووە ، ئەمە جگە لەو ٧٠٥ هەزار دینارەی کە بەرنامەی ئاوەدان کردنەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان دابووی لە لایەکی تریشەوە وەزارەتی شارەوانیەکان بەم زوو بە دەست ئەکات بە جێبەجێ کردنی گەیاندنی ئاو بۆ ناوچەی (الخضر) لەکەل فراوان کردنی ئاوی سماوە - رمیثە تاکو ئاوەکە زیادبکریت و بگاتە ٢ ملیون و ٨٢٠ هەزار گالون ئاو .

ئەوەی شایانی باسە وەزارەتی ئاوبراو لە مانگی تەموزی رابوردودا گەلی پروژەی تری بەم چەشنەی لە زۆر لە ناوچەکانی وڵاتا کردۆتەوە ، وە نزیکەی ٤٨٠ هەزار دیناریان تێچووە .

کردنەوەی ٤٠٠ مەلبەندی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری لە هەولێر

بەریوە بەرایەتی فیرکردن لە پارێزگای هەولێر بریاری کردنەوەی ٤٠٠ مەرکەزی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری داوە لە سەراپای پارێزگای هەولێردا ئەم پروژەیەی لە مانگی تازەوە دەست پێ ئەکات بایەخی ئەوەیە کە مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی هەولێر لەو مەرکەزانەدا بە خۆڕایی دەرس ئەلێنەوە ..

بەشێك بۆ ئامادەیی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر

بەریوە بەرایەتی گشتی خوێندنی ئامادەیی - ئەهلی بریاری داوە بەشێك بۆ قوتابخانەی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٣ - ١٩٧٤ بکریتەوە .

ملیۆنێك تەن لەنەوتی رمیلە بۆ بەرازیل ئەنێرێت

کاك جمعە هاشم اللعیبی بەرێوەبەری دەستەلات پیندراوی کۆمپانیانی پاپورەکانی عیراق گەرایەوە بۆ عیراق دوای ئەوەی لەگەل کاربەدەستانی بەرازیل ریککەوتوو بۆ ئەوەی ملیونیك تەن لە نەوتی رمیلە بە پاپۆری عیراق بۆ بەرازیل بنیررێت .

هەروەها ناوبراو لە گەرانەوەیدا سەری لە پاریس داوە ، وە لەوێ لەو مەسەلانەی کۆلیوەتەوە کە پەیوەندی بە فێرکردنی چەند کادریکی عیراقییەوە هەیە بۆ لێخورینی پاپوری نەوت گویزەرەوە .

٨٣ کرێکاری تر لە پارێزگای دیالەدا ئیشیان بۆ دۆزراوەتەوە

لە مانگی رابوردودا لە پارێزگای دیالە ٨٣ کریکاری ئافرەت و پیاو ئیشیان بۆدۆزراوەتەوە .

بەم پێیە لە ماوەی ئەم ساڵدا ٤٨٣ کریکار بە ئیشوکاری هەمیشەیی لە پارێزگای ناوبراوا دامەزراوون، ئەمە جگە لە ٢١٢ کریکاری تر بە ئیشوکاری وەختی دامەزراوون .

٤٨٢٥ تەن گۆگرد بۆ هندستان

چەند رۆژی لەمەوپێش پاپورێ (بارولایان) ٤٨٢٥ تەن گۆگردی میشراقی ژوورووی وڵاتی بۆ بەندەرەکانی هندستان بردووە .

هەروەها پاپوریکی (نرویج) یش بەم زووانە بەتەنایە ٧٠٠٠ تەنی تر گۆگردی وڵات بۆ هندستان بەرێت .

سوپاس

پر بەدڵ سوپاس دکتور نەجات محمد کریم ئاغا ئەکەم بەرامبەر بەو ئەزکە پر لە دڵسۆزی و یارمەتیە بە نەنکەی کەپۆرزکار کردنی رەوای کوڕم لە مردن نواندی وە هەر وەها لە کانگای دڵمەوە سوپاس دکتورە اکرامیە شیخ احمد ودکتور طارق و هەموو سیستەرو کاربەدەستانی خەستەخانەی - حمایە الاطفال - ئەکەم بۆ ئەو خزمەت و یارمەتییە بە سوودەی کە دایان لە کەل رەوای کورما . هیوا دارم کە نمونەی ئەم دلسۆزانە رۆربێ بۆ خزمەتی کومەڵ و رزگار کردنی منداڵان لە مەرگ .

- باوکی رەوا -

رێگای زاخۆو کانی ماسی

وەزارەتی أشغال و أسکان ٩٠٪ ی رێگای نیوانی زاخۆو گوندی کانی ماسی تەواو کردووە . ئەوەی شایانی باسە ئەو رێگایە ئەکەوێتە نیوان سنووری عیراق و تورکیاوە و درێژیشی ٩٦ کیلومەتەرە ئەبێت و ٧٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت . کەلکی زۆری ئەو رێگایە لەوەدایە جگە لەوەی ئەوەو دیهاتانەی ئەکەونە سەری بەیەکەوە ، ئەیان بەستی یارمەتی ئەوناوچە پرکشت و کاڵانەش ئەوات سورج بەرهەمەکانیان بگەیەننە ناوشار ..

واچاوەڕوان ئەکرێت لەسەری ساڵی تازەدا ئەو رێگایە هەموی تەواو بکرێت .

ئەم هەفتەیە لە مێژووداً

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ١٠ تا ١٦ ی تشرینی دووەم نەگرێتەوەو رێکەوتی ١٩ تا ٢٥ی گەلاریزانی کوردی یە ئەم رووداو گرنگانەی تیداداقەوماوە :

رووداوی کوردی :

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦دا ئەحمەد بەگی صاحبقران (حەمدی) کۆچی دوایی کرد .

لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا بەست (سد)ی دەربەندی خان کرایەوە .

لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا بەرزانیەکان و زێباریەکان شاری ئاکرێیان لەچنگ بەریتانیای داگیرکەر دەرهێنا .

لە ١٥ی تشرینی ١٩٢٢دایەکەم ژمارەی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) لەسلێمانی بلاوکرایەوە .

رووداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢دا کۆنگرەیەکی جیهانی فراوان لەبەغدا لەژێر دروشمی (نەوت وەکو چەکێك دژی ئیمپریالیزم) پێك هێنرا .

لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩دا سەرۆك وەزیران (عبدالمحسن سەعدون) خۆی کوشت و ئەم وەسیتەی نووسیو (گەل خزمەتی ئەوێ و ئنگلیز تایەوێ) .

لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥دا (قانونی اساسی) عیراقی بلاوکرایەوە ئەم یاسایە بریتی بو لە (١٢٣) مادە .

لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧١دا پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی (بەیمانی نیشتمانی بلاوکردەوە) .

رووداوی جیهانی :

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٤٨٣دا مارتن لۆثەر لەدایك بوو .

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨دا مستەفا کەمال مرد .

لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠دا سەرۆك کۆماری فرەنسا (شارل دیگۆل) کوچی دوایی کرد .

لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا ئیستگەی بێتەلی بەریتانیا کەوتە کارکردن .

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٧دا ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤیاتی مافی نەتەوەکانی روسیای چارەکرد .

کورد و کوردستانەکەت بناسە

(أبو مسلمی خراسانی) :

ناوی (عبدالرحمن کوری مسلمە) ، هەر بەمندال لەباوك بێبەش بوەو (عیسای کوری معقل) بەخێوی کردوەو بە خۆشەویستی بنەماڵەی پیغەمبەر کۆشی کردوەتەوەو لە دلیدا چەسپاوەو رق و کینەی لە (نەتەوەی مەروان) هەل کرتووە کەچۆتە حەج لەگەل (ابراهیم الامام)ی نەتەوەی عبداللای کوری عەباس یەکیان گرتوەو پیلانیان دژی ئەمەویکان رێك خستوەو بۆ ئەم مەبەستە أبو مسلم لە خوراسان تیکۆشاوەو بەیعەتی بۆ ابراهیم وەرگرتوە ، کە خەلیفەی ئەمەوی (مروان) ئەمە ئەبینی ابراهیم الامام بەکوشت ئەدا بەمە بڵێسەی شۆرش لە خوراسان پەرەئەسێنێ و ئیتر بەناشکرا بەناو أبو العباس ی خوێن رێژی برای ابراهیمەوە خوتبەی نوێژی هەینی ئەخوێنێنەوەو بە سوپایەکی زۆرەوە رووئەکەنە عیراق و شام و مەروان ئەکوژن و أبو العباس بەیەکەم خەلیفەی عەبباسی هەلئەیژێرن ، أبو مسلم لەکاتی حوکمرانی ئەم خەلیفەیە زۆر دەست رۆیشتو بووە بەلام کە أبو جعفری برای أبو العباس بووە خەلیفەی زەمانە پشت لە میش ئەکات و خەلیفە ئەبیری بە شوێنیاو لە ساڵی ١٣٧ کوچی بەغەدر ئەیکوژی أبو دلامەی شاعیری دیوانی خەلیفە بەم دووبەیتە کورد بونی أبو مسلم ئاشکرا ئەکات :

« أبا مجرم ماغیر الله نعمة علی عبده حتی غیره العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدرة الا ان اهل الغدر اباءك الکرد»

أبو مسلم کابرایەکی چوارشانەی گەنم رەنگی موزەش بوە بە ئازایەتی و ئەدەب و شیعریش ناوی دەرکردوە .

● بۆ ئەم باسە سوود لە کتیبی (قاموس الاعلام) وەرگیراوە !

تێبینی :

لەو دەولەتانەی کەلەسەر بناغەی (ئایین) دامەزرا بون جیاوازی نێوان نەتەوەکانی ئیسلام نەکراوە بۆیە دەبینین ناودارانی کورد دەوریکی ئاشکرایان هەبووە لەوساوە بیروباوەری رزگار بونی نەتەوایەتی بلاوبوەوە بەدەگمەن کوردی بیگانە پەرستت بەرچاو ئەکەوێ جائەوانەی لەم گوشەیەدا بلاوی ئەکەمەوە لەبابەتی یەکەم بون و مێژوو ناویان ون ناکات .

بەیارمەتی کۆری زانیاری کورد لەچاپ دراوە

فەرهەنگی زانیاری

عەرەبی / کوردی

(بەرگی یەکەم)

ووشەو راڕاوەی زانیاری لەبابەت -

رسکی و دەکالاکردن و نەخۆشی یەکان و گیاندار و رووەك و خواردەمەنی و زکماکی و کیمیاو بیرکاری و ئەندازیاری و جەرخ و جیوگرافی و دەروون و نامرازەکان

دانەری / **کمال جلال غریب**

(لیسانس) لەزانیاری یەکەی سروشتی یەکان (کیمیا)

ووسیەوە و پوختە کردبی / صدیق شیخ محمود بەرزنجی

چاپی یەکەم

چاپخانەی کامەرانی - سلیمانی

ساڵی ١٩٧٣

ئەمەو سریکی بۆ دانەرە

(٩)

گەورەترین فەرهەنگی زانیاری

ممتاز حیدری

حەوت ساڵ + گەران و کۆکردنەوە + پرسین و لێکولینەوە = ٥٠ هەزار ووشەی زاراوە .

بەگشتی کتێبخانەی کوردی لەرووی فەرهەنگداری یەوە لاوازە بەتایبەتی فەرهەنگی زانیاری ، کە لەگەل پێداویستەکانی خوێندن و رۆشنبیری و گۆڕانی ژیانی ئەم سەردەمەماندا بگونجێ .

جالەم رووە هەر هەنگاوێك بنرێ سوودێکی تایبەتی دەبێ چونکە کەلێنی بەتاڵ زۆرە ئەوەتا دەبینین مامۆستا کمال جلال غریب نەك فەرهەنگێکی لەقەبارەی کتێبێکی ئاسایی ئامادە کردوە ، بەڵکو یەکەم جارە لەمێژووی زانیاری رۆشنبیری و زانیاریدا گەورەترین فەرهەنگی زانیاری داناوە .. پاش کۆشش و هەوڵدان و لێکولینەوە وگەران بەدوای ووشەو زاراوەدا .

بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەرێزی - هاوکاری - پێشەکی زانیاریەکی فراوان لەمەر ئەم فەرهەنگە بزانن ، چونکە کارو کردەوەیەکی زانستیانەی بەنرخە ، گفتوگۆیەکی تایبەئیمان لەدانشتنێکی سێ سەعاتی دا لەگەل ماموستا کمال جلال غریب ریکخست .

هاوکاری :

ماموستا ئەوەی زانراوە فەرهەنگێکی زانیاری تان بەدەستەوە هەیە ، ئەم فەرهەنگە کەی ، وە چۆن ئامادەکراوە ، هەروەها چەوێك بۆ دانانی هانی ئێرەی داوە ؟

لەوەلامدا ماموستا کەمال وتی :-

راستی یەکەی قسەکردن دەربارەی فەرهەنگەکەمان زۆر دوورو درێژە ، ئەگەر بەوردی و فراوانی مەسەلەکە باس بکەین ، وا بەئاسانی کۆتایی نایەت ! چونکە جارێ مەسەلەی فەرهەنگ دانان خۆی لەخۆیدا وابزانم کاریکی قورسە لەهەموو رووێکەوە ، بەتایبەتی یش لەدوو حالەتدا : یەکەمیان وەك ئەم فەرهەنگەی من ، کە زۆر فراوان و زانیاریە .

دووەمیان : بەو شێوەی کەمن ئامادەم کردوە تا ئێستا هیچ کەسیك نەی کردووە ، بەڵکو لەوزەی تاقە کەسێکیش نییە ، جاوابزانم بەکورتی باسی بنچینەی دانانی بکەم .

هاوکاری :

بێگومان ، ئیمەش دەزانین مەسەلەی فەرهەنگ دانان کاریکی قورس و ئاڵوزە ، بەتایبەتی ئەگەر بۆ یەکەم جار بێ ، هەروەها کە ئێوەدەفەرمون زۆرفراوان و زانیاریە - زانستی - کە لەم جورە فەرهەنگانە لەکتیبخانەی کوردی دانیە .

ماموستا کەمال :

کەواتە با بە کورتی باسی سەرەتاکەی بکەم .

هاوکاری : فەرمون :

ماموستا کەمال : لەو کاتەی ماموستای دەرسە کانی (علمی) بووم ، وەك :

(کیمیا ، حەیوان ، فیزیا ، هتد) واتە ، لەماوەی ئەو ٢٠ ساڵەی دەرسم دەگونەوە ، هەستم بەوەکرد کە قوتابیانی کورد زۆر پێویستیان بەوشەو زاراوی زانیاری بەزمانی کوردی هەیە . چونکە باش لەزاراوەکانی ئینگلیزی و عەرەبی تێ نەدەگەیشتن . جالەو ساوە بریارمدا کە فەرهەنگێکی زانیاری بۆ قوتابیانی کورد ئامادە بکەم .

بەڵام لە ئەنجامی بێبینی و ئاوژگاری دۆست و برادەران و گەران و لێکولینەوە بەدوای وشەو زاراوەو ناوی جۆرەها گیاندارو گیاو رووەك و دەوەن ، مەسەلەکە وەك بلێی تەشەنەی کرد ، بەکورتی لەوساوە من حەوت ساڵی رەبەقە خەریکی ئەم فەرهەنگەم .

هاوکاری :

باشە ناوەروکەکەی چونە ؟

ماموستا کەمال :

فەرهەنگەکە ، عەرەبی کوردیە ، بریتیە لە وشەو زاراوە بەکوردی شەرح کراوە ، هەروەها هەندیکی بەلانینی نووسراوە : « وشەو زاراوەی زانیاری لەبابەت :-

پزیشکی و یەکالاکردن و نەخۆشی یەکان و گیاندراو رووەك و خواردەمەنی و زکماکی کیمیاو بیرکاری و ئەندازیاری و جەرخ و جیوگرافی و دەروون و ئامرازەکان » .

پ : باشە بە چەند بەرگ، یان بەش دەری دەکەن ؟

وەلام :

نیازم وایە بەچوار بەش دەری بکەم ، هەربەشەی نزیکەی ١٣ هەزار زاراوەیە ، ئێستاکە بەشی یەکەم لەژێر چاپدایەو زیاتر لەسەد لاپەرە چاپ کراوە .

پ : بەچ شێوەو رێگایەك ئەم فەرهەنگە دانراوە ؟

وەلام :

وابزانم ئاشکرایە فەرهەنگ دانان کاریکی گران و گرنگە کەمی سەرچاوە . بەکوردی ، بۆ ئەم مەبەستە بەدەها فەرهەنگی گەورە خوێندومەتەوە « عەرەبی - عەرەبی ، ئینگلیزی - عەرەبی ، عەرەبی، ئینگلیزی، کوردی - کوردی - ئینگلیزی، ئینگلیزی - کوردی .. هتد » هەروەها بەدرێژایی ئەو حەوت ساڵە پرسیارو لێکولینەوە بە دوو هێلدا پەیرەوکراوە ، یەکەمیان : پرسیارم لە پسپوری : کشتوکال ی ، ئەندازیاری، فیزیا ئاژاڵ ی .. هتد » .

دووەمیان : لە کۆمەڵانی خەڵك پرسیوە .

وەك : جووتیار ، ئاسن گەر قەساب ، دارتاش ، راوچی ، ماستفروشی ، عەتار .. هتد لەتەك ئەوانەدا دەیان کتێب و گۆڤارو روژنامەم خوێندوتەوە .

پرسیار : باشە چ چەشنە گیروگرفتیك هاتە پێش دانانی فەرهەنگەکە ؟

ماموستا کەمال وتی :

گیرانەوەو باس کردنی ئەو گیروگرفتانەی هاتونەتە پێش فەرهەنگەکە زۆرو ئالوزبوون، هەر چەند بەشێوەیەکی خیرایی لە وەلامەکانی پیشوودا پەنجەم بۆ بردن ، بەڵام ، بەکورتی هەندی شت دەخەمە پێش چاو :

١ - نەبوونی هیچ جۆرە فەرهەنگێکی زانیاری فراوان بەزمانی کوردی .

٢ - بەگشتی نەبونی لێکولینەوە سەبارەت بەدانانی فەرهەنگ .

٣ - زۆربەی سەرچاوەکان عەرەبی بوون ، ئەمەش هەندی گیروگرفتی تری هینایەکایەوە ، چونکە دەبینین هەندی ووشەو زاراوەی ئینگلیزی - تعریب - کراوە جا دۆزینەوەی لە فەرهەنگەکانی تردا زۆرستەم بوو .

٤ - تا ئێستا - مسۆگەر تەواوو فراوان دەربارەی ئەو چەشنە گیاو دەوەن و درەختانەی لە کوردستاندا هەن نەکراوە ، تا مرۆڤ بەئاسانی لێیان بکۆڵیتەوە .

٥ - نەبوونی ناوی هەندی گیاوو رووەك و نەخۆشی لەزمانەکانی تردا ، کە لە کوردستان هەیە .

٦ - بەگشتی کەمی سەرچاوە لە کتیبخانە گشتی یەکاندا ، هەروەها گرانی نرخی سەرچاوە

بڕوانە ل -٧-

چی پێویستە

مەجید نەدیم

کۆمەڵی ئیمەش وەك کۆمەڵانی وڵاتانی ترە ، خۆ ئەگەر بەشی زۆری ئافرەت نەبێت لەنیوە کەمتر نابن ، ئەم نیوەیەش بەشی زۆری تا ئەمڕۆ بە نەخوێندەواری ماوەتەوە .. پێچگە لەوەی کە ئیش و کاریان لە چوارچێوەی خانوەکانیاندا ناچیتە دەری ئەویش وەك منداڵ بەخێر کردن و چێشت لێنان و پاکوتەمیزی ناومال .. هەرچەندە دێهاتیەکان یارمەتی پیاوەکان ئەدەن لەهەندێك ئیش و کاری کشتوکاڵدا بەڵام ریزی پیشەوەی ئە دواکەوتنەیان بەشاریکان نەداوە .

ئافرەتان تا ئەمڕۆ بەدنیایان سەلماندوە کە ئەوانیش وەك پیاو ئەتوانن فیربن ، ئیش بکەن ئەو ئەندامە بەکەلکە بن مرۆڤایەتی لەدنیای پێشکەوتنا پشتیان پێ ببەستی .. دور نەروین ئەگەر چەندلاپەرەیەکی کارەساتی جەنگی دووهەمی جیهان هەلبدەینەوە ئەبینین ئافرەتانی گەلی وڵاتانی ئەوروپا شان بەشانی پیاوەکان چەکیان هەلئەگرت و خۆیان ئەدا بەکوشت لەپیناوی پاراستنی سەربەستی وڵاتەکەیان و مرۆڤایەتی دا .. دووبارە (ڤالنتینا تریشکۆڤا) و ئەندیرا گاندی و بەندرانایکا نمونەن بۆ ئەوەی کە ئافرەت توانای هەیە وەك پیاو لەزۆر فەرمان دا .

بەڵام لەشێك ئەگەر بەشی زۆر نەخۆش بێت (وەندبێت هەر ئافرەتان بەڵکو زوربەی پیاوەکانیش) . دیارە ئەو لەشە لاوازو بێتوانا ئەبێت و نەخۆشی تر بە ئاسانی کاری تێ ئەکات و دەردەدار تر ئەبێت .

هەرچەندە ئائیستا گەلێك

بڕوانە ل -٧-

institut kurde de paris

بی دەنگی یا تورفانین گەنج وچەند پرسیارەك

هەیامەكێ درێژە ، نە پارچە شیعرەكو نە نڤیسینەكو نە گوتارەكا هەر چەوا بیت ، یا هەر ئێكی ژ نڤیسەڤانو تورفانێن مەیێن گەنج لسەر بەرپەرێن چو روژنامەو گوفارا روناهی نەدیتیە ! پشتی كەرم بوونەكا كورت لەیدانا نڤیسینو بەلافكرنێدا .

مخابن بدەهان قەلەمێن نوی خازو بەرهەڤ ژبو خزمەتا مللەتی ژ نڤیسینو دەنگدانێ كەتین . دیارە ژی چەند بناسەكێن هەین ژبو ڤێ بێدەنگی یا نەراستو نەدروست ، ڤێجا ئەو بناس كێشا ژیان و بارێ دونیایێ بیت ئان سار بوونا نڤیسەڤانا بخو بیت .

بێگومان ئەڤ بێدەنگی یە مەترسی یەكا مەزن دروست دكەت درێكا بەرەویێشڤە چونا یزافا رەوشەنڤانێ لدەڤەرا مە درێكا ژدایك بوونا سەدان سویارێن نوی لقادا جەنگا پیروز دژی پاشكەفتن و نەخوێندەواریێ و بیرتەنگی و تاریاتی یدا .

ژبەر ڤێ چەندێ چو بناسەك نابیت ببیتە سویجا هندێ تورفانێن مەیێن گەنج دەستا داهێلن و خو ژ مەیدانا خەبات و جەنگینێ قەدزن ئان خۆ بدویر بێخن .

ئەز باوەر دكەم هەمی قەلەم ئەنگ دبەرهەڤن پەیامبەرێن ئێ پەیاما هندە پیروزبن و دڤێ خو لبەر گەرم و سەربلیێ راگرن ژبەركو ئەڤ خوراگرتنە هەر ئەركێ وانایە .

ئەڤێن ئەزمان درێژی لدەمێ خوشیێ و سینگ دەرئینانانێ ، ئەڤەنە روژ بو روژ چ كتە كتەو چ پێكڤە دێ دیاربن و دێ ژناف رێزا دەركەڤن و كەروانێ راستێ خزمەتا مروڤێ كورد دێ هەر بەری بپێشڤە پێنگاڤا رانیت .

چەند گوتنەك لسەر بیركەرێن بەر گوێ الدهوكی

مللەتێ كورد وەكی هەمی مللەتێن دنێ ، خەسیەتو رەوشو تیتالێن تایبەتێن خویێن هەین ، كو مللەتێ كورد ژ مللەتێن دی پاشڤە دكەت ، هەر ژ زمانی بگرەو هەتا دگەهیتە رەوشو تیتالێن جڤاكیو هەتا دگەهیتە جلو بەرك و رێڤەچونو رویشتنو رابوونا ، نەفەنە هەمی نەنجامێ جویە نی یا وەلاتو سروشتو باری بابوری و جغالی و مێژویی یا هزاران سالانێ .

یامە دڤێ فێجارێ لسەر باخڤین بابەتێ جلو بەرگێن كوردینە كو لدەڤەرا مە بنافێ « بەرگویزا » تێتە نیاسینو لدەڤەرێن دی بنافێ (شەلو شەبك ، ئانكو ، زانك و جوغە ..

بێگومان گەلە بناسێن سەرەكیێن هەین ژبو پەیدا بوونا فی رەنگە چلو بەرگی ، سەرما وەلاتی و ژیهەلی و ژوردانی و ژیانا جوتیاری و گەلەك بناسێن دی وەك بوونا پەزو بزنو كویڤیا كو ریس و هەریا وان دەورەكێ سەرەكی دبینیت ددرستكرنا بەرگویزادا نەمازە كوردستان ولاتەكێ هندێ نەبووە ببەرفرهەیی پەمبوی لێ بهێتە چاندن كو تێرا جلو بەرگێ هەمیابكەت .

وەلێ دروست كرنا بەرگیزا نەهندا بساناهی یە ، بەلكی یێ شەهرەزا نەبیت نەشێت ڤی كاری بكەت . سەیرترژی ئەوە پێشكەفتنا زانستی و پەیدابوونا كارخانێن گەلە بەرفرهەو مەزن نەكاری یە گیرو گرفتا كێم بوونا بەرگویزا چارەسەركەت ، ژبەركو كرێ كارخانا نەوەك وی یە نەڤێ بدەستی تێتە كرن و وەكی هەمی پەرویەكێ دی لێ دهێت .

سەر هندێ ژیرا خەلك دبێرێ نەو ناچار یێن كارخانێ دكرن ژبەركو دئەرزانن و كرێ دەستی ژهەمی كەسەكی ناهێت بكریت .

ئەڤ چەند پرسیارێن سەرپێ مە ژ برایەكێ بیركرن داوەكو ئەڤ بابەتە ئەشكەراوروتتر لێ بهێت بو خوینەڤانێن هێژا .

پ : برا نافێ تە ؟

بە : وورده عەودیشو

پ : چەند سالە تو ڤی كاری دكەو چەوا دهێتە كرن ؟

بە : ئەڤە نزیكی (٣٠) سە سالانە ئەز ڤی كاری دكەم ئەز پێڤە پیربووم ، هەروەكی نهو ئەز كورێ خو فێردكەم هەروسا بابێ من ژی ئەزێ هویكریم . بەری هەمی تشتەكی دڤێت مەرەز هەبیت ، پاشی بهێتە رێستنو بادان ، ژنویكا لەكەینە دبێرێ داو درێسین .

باشی یا بەرگویزا لسەر باشو خرابیا مەرەزی راوەستایە دگەل زیرەكی و شەهرەزاییا تبلێن بیركەری .

ئەمێژویا كەڤن

سولطان حوسەینێ وەلی كوڕەكێ مەزن هەبو دگوتێ (میر بایرام خانبەگ ، دەمازانی كو برایێ وی چاواهاتیە كوشتن نەوێریا لزاخو بیت (چنكی لوی دەمی ئەومیرێ زاخوبو) ڕەڤی چو ناڤ سندیا ، دەما سلێمان بەگێ زانی كو بایرامێ ڕەڤی چو ئینا ئو كرەمیر لسەر ئامێدیێ ، بێ ی دلی وی ، چنكی بایرام بەگ مروڤەكێ ڕاست گو بو دل بفەقیرا ڤەبو ، نەدڤیا كەس گازندێ ژێ بكەت ، ناڤودەنگیت جاكیاوی چونەستەمبولێ سولطانی لوێرێ فەرمانا حوكمداریا ئامێدیێ بوهنارت ، لوی وەختی هەردو كوڕێت قوبادبەگێ چونەستەمبولێ ئوگازندا خو برنەنك سولطانی ، چنكی بابێ وان هاتبو كوشتن ئەودەم دەمێ سولطان (مرادی) بو وی ژی دل پێ سوت ، كوڕێ قبادخانی یێ مەستركو دگوتێ سەیدێ خان كرەمیر لئامێدیێ ، ئوفەرمان بنافێ وی دەرێخست ، ئو جابدا میرێت كوردستانێ هەمیا ئوبوبەغدا نڤیسی ئو شەهرەزورێ ، كوگافا سەیدێ خان گەهشتە ئامێدیێ هویێن هەمی هاریكارابن بو ئو هەكە بایرام بەگێ حاكمینیا ئامێدیێ بدەتە دەستێ سەیدێ خانی ، ئوهەكە وەنەكر هوین هەمی هەڕنە شەڕێ وی ئو حاكمینیا ئامێدیێ ژدەستا بینە دەری ، بەلێ بایرام بەگێ سەیدێ خان دانا جهێ خو بێ ی شەڕ گوهێ خو دافەرمانا سولطانی سەیدێ خان نەڤیێ سولطان حوسەینێ وەلی یە حوكم كر لئامێدیێ ٤٥ سالا ، خودانێ شەرەفنامێ لدەمێ وی بو دگوتێ میرشەرەف خان ، وی گەلەك شولێت چاك بو ئامێدیێ كرو ژوانا (مەدەرەسا نوی) كو یامای دیار بشوینو وارێت وی .

دبێژن دەمێ بایرام بەگێ حاكمیا ئامێدیێ هێلای بو سەیدێ خانی ، نەژبەر فەرمانا سولطانی بو ... بەلێ فەرهاد پاشای گوتێ حاكمیا ئامێدیێ بوسەیدێ خانی پێلە لدویف فەرمانا سولطانی تولەشكرێ خو بەرهەڤ كە ئودێ نەكەمە حاكمێ (سنجەقا حەسەن كێفێ ژبلی حاكمیازاخو دگەل سندیا وی ژی باوەر ژێ كر چو ... لەشكرێ خو برقەستا كورجستانی كر وێرێ ژی هاگیركر ، ئێخستەبن فەرمانا سولطانی بەلێ دەماهاتیە ڤە فەرهاد پاشای گرت وكرەت گرتی خانی ڤە ، لئەرزەرومێ ، پاشی فەرهادیا پاشای جابا سەیدێ خانی ژی فرێكر پشتی گەلەك زێڕ ژێ ستاندین بەرتیل مەحكەمەك دانا بایرام بگ تێدا گونەهكار بو لدویف (شەریعەتی) چنكی دیاربو كووی قباد بەگ تەسلیمی سەیدێ خانی كر داتولا بابێ خو ژێ ڤەكەت وی ژی بایرام بەگ كوشت .

گافا مزویریا زانی كو بایرام بەگ هائەكوشتن خو ئاسێ كر لسەیدێ خانی ، بەلێ سەیدێ خان شیا هندەكا بكوژیت بیت دی كێشانە لایێ خو ، حوكمێ وی كیشا ٤٥ سالا لسالا ١٠٣٩ هجری مر .

شیعر

احمد مخلص

دیماهیا شیعرا مەلا ئەحمەدێ نالبەند كولهەژمارەكا پێشیێ هاتبو بەلافكرن بنافێ شێعرا نەسیحەتا :

فەتوا شەرعەتی هویە ژ بودینو دونیامە
من نەسیحەت بوحویە داكەس نەكەت لەوما مە
نەسامن ڤچینەبویە هندی هندا بێ ڤامە

***

ژ ف بەیتا نەسیحەتا بوعالەمێ بێندەرە
بەلافئەن لڤان مللەتا گوهدانا وێ یافەرە
فایدەیە لەصلحەتا ئەگەر دوژمن باوەرە

***

نەسیحەتێت من دوڕن داژێ بگرن عیبرەتێ
وان بێ حەق بوخوبكرن داپێ بەن سەعادەتێ
خودان كەمال ناصرن وان هەر بەحسێ لصوحبەتێ

***

ئەف تەرتیبا من گوتی فایدەیە لخاصوعاما
دوژمنا دسێ سوتی ژڤەهرا كەسێ ناما
ئەوكەسێ نەكەت جوتی حاصل ناكەت مەراما

***

بگرن ڤان نەسیحەتا جەهوەرن بو ئینسانی
گوهێ خوبدەن شیرەتا داڕوی سپی بخون نانی
عافیبەتا خلمەتا كیماوەك من یازانی

***

ئەف كەرەما هوسپەهی خودێ یادگەل من كری
وەبێ نینە ناگەهی شیعرا كوردی یامری
هوین بونە سڤیا جەهی خەلك بونەگەنم خوڕی

***

ئەڤنەهەمی نوكتەنە تەشبیهەو ئیشارەتن
حەتانەبەد فایدەیە هەمی عەقلو حیكمەتن
بخوبگرن هەروەنە كەسێ عەمەل پێ بكەتن

***

ئەزمروڤەی گلاجم قەت نائینم دوڕارا
بودینی بێ ڕەواجم هەهیڤی ژ دوستوبرا
لسەروان خودان باجم مەژبیرنەكەن چوجارا

***

ئەز بخوچاك خرابم یارەبی تومن چكە
هوستەحەڤی عەرابم دلێ من ڕەحمێ لێكە
وەختێ ژفەبری ڕابم سەرفەراز من قرێكە

***

ئەزعەبدم توسولطانی حوجەت هەمی گوننن
هەرتوشولامە دزانی براێت من موءمنن
مەژخو نەكەی بیانی نەفسوشەیطان دوژمنن

***

نێ ئەزێ هارودینم مەرچولە
وەك طاعەتی نەئینم شەفیعێ من ڕەسولە
تابعێ كەسدی نینم من بەسەهەر ئەف شولە

***

هیڤیامن هەر مەعبودە بەرێمە لكەسدی نینە
ئەول من ئەو مەقصودە پاشی شاهێ مەدینە
ئەوخودان قەدروجودە ڕەبی مە بغەفرینە

***

من هەرئەو پشتی ڤانە چبخازیت خودێ ددەتێ
ئەو شەفیعێ هەمیانە زیدەبو ڤێ ئومەتێ
شولامە یابژڤانە انشاء الله جەنەتێ

***

بلائەم گونەهكارین مەعەفواتە داخازە
عەبدێت خودێ غەدارین شەیطان هەر حیلەبازە
دێ لەعنەتا لێ بارین مەلعضورا خو بخازە

***

ڕەبی تەیاحەزكری من چ گوتبیت ئیاهامە
قەت مەنابەی ئاگری عەفواتە لسەر مەعامە
چنكی هەرتوی غافری قەولێ من ژی تماعە

***

تومن چكە بئیحسانێ ڤێ مەلعونی ژمن قەكە
وەختێ روح هەلكێشانێ مەژئیمانێ دویرنەكە
ڕوژا ئاخر زمانێ عصیانامە بەرزەكە

***

ئەی كەسێ توی عاقلی بوقی دینێ موعتەبەر
بدەن من گوهێ دلی داهوێن بین فایدەكەر
لازمەئو وەلحاصل گوهە بدەن قەولێ بهونەر

***

خودان مروەت هوینن گەلی چاكو ئەشرافا
دائم مەبیر خوبینن ژئیحسانو ئیضافا
هەرێك فاتحەكێ بخوینن بومە صەقەت ئەجلافا

***

ئەز ئەحمەدێ شاعرم مەخلعێ بوسولطانا
دشیعرێدا ماهرم هەمی وەختو زەمانا
دڤێت خزینا داگرم بووە ئەهلێ ئیمانا

فەلەكاسەیر

شیرازی ، شاعرو فەیلەسوفێ مەزنێ فارس دبێژیت :

شەڤا تاری و ڕێیا تەنگو ئەزێ مەست
پیالە ژ دەستێ من كەفتو نەشكەست
نە شەڤ تاری و نە ڕێیا تەنگ ، ئەزێ هشیار
پیالە ژ دەستێ من نەكەت : ئەو شكەست ؟

پ : ئەرێ چەند تەخلیتێن بەرگریز هەنە ؟ بە .

(بادایی ، ژەیتوینی ، بەكربەگی ، كەسكویی ، رەش ئاغای ، پشت پەز ، تیاری ، كاچیتی ، كەس نەدیتی ، خەمری ، شین خوری) ... هتد .

پشتی ڤان ئاخفتنا مە ژچەند پرسیارەكێن دی ژبرایێ بیركەر (موشێ طلیە) ی كرن ئەوی ژی هەر ئەو گوت یابرایێ (وورده) دیاركری ولسەر ڤێ پرسیارامە :

پ : تو دیموهیا ڤی لاری چەوا دبینی ؟

گوت :

ـ ئەز دبینم دێ بدویماهی هێت ، ژبەركو ئێدی خوش ـ خوش كەس بەزگویزا ناكەتە بەرخو ، ئەڤە ژبلی هندێ كو بەرگویزێن كارخانی دئەرزانترن بەلێ پاهندی ئەم ژی ماینە دێ ڤی كاری كەین ژبەركو ژیانا مەیا تێدا .

خوینەڤانێن هێژا :

ئەز دبێژ هوین ژی لوێ باوەرێنە كو دڤێت بەرپەر سیارێن میری و مللەتی لدەڤەرا دهوكێ بایەخەكی بڤی كارێ مللی بدەن و ژیانا ڤان بیركەرا بپارێزن ژنەخوشیا .

مانا ڤان بیركەرا ، مانا تیتالەكێ گەلەك شرین و نازدارو شەنگ و شوخێ مللەتێ مەیەوهەتا ـ هەتایێ بەرگویز كاروكێ كەكێ گەلەك جانوشرین و نیشانا مللەتێ مەیە ، سەدهزار مخابن ئەگەر بەرزەببیتو چ شوینوار ژێرا نەمینن .

بگەرێین ، مەعنا وێ نینە هەكە دشێوەیەكێدا نەبت رابین ئاخفتنەكێ بۆرا دروست كەین و خۆ هەفروشی خەلەتیێ بكەین !

ئەگەر ئەندامێد كۆڕی زانیاری كورد جارەكێ بەرێ خۆ دابە شێوەیا ژۆری دێ دیتبا كو ئەو دبێژنە (سداد) ی (دەرپۆشك) و ئەڤە یە پێكهاتی یە ژ :

دەر ـ پۆشین

پۆش : ڕەگی چاووكە

ك : بۆ پچووك كرنێ یە

دەرپۆشك = السداد یان الغطاء .

ئەڤە بلی هندەك ئاخفتنێد دی ... ئیتر سۆپاس .

ـ عتاب ـی عەرەبی دێت .

● ل بەرپەرێ ٤٨٩ بۆ (العمود الفقری) (بربرە) وا دانایی بەلێ ئەز بێژم « بربرە » مەعنەیا تەماما ـ العمود الفقری ـ نادەت . بەلێ ئەگەر بێژین (بربرەی پشت) مەعنەیا ـ العمود الفقری ـ دێ دەت . هەكە بڤێن ئاخفتنەكا سەرراست بۆرا دانین بێ سەرگێژی بلا وێ پەیڤا لدەڤەرا مە بكارتێت ژێرا دانین كو دبێژنێ (گازا پشتێ) !

● ل لاپەرا ٤٩١ بۆ پەیڤا (فرصە) ئاخفتنەكە كرمانجییا ژۆری وا بكار ئینایی ئەو ژی (دەلیڤە) . راستە ئەڤ پەیڤە لنك مە بكارتێت ، بەلێ ئەز بێژم « دەلیڤە » پوختو بیرنجی نینەو وا ژ (دەراڤ) ی هاتی و بە عەینی مەعنا ، دەراڤ : ئانكو ـ معبر ـ دێتو ووشەكە بڤی رەنگی یە :

دەر ـ ئاڤ

وە تەبیعی « معبر » ـ فرصە ـ یە بۆ دەرباز بوونێ ژ ئاڤێ ! ئەم دشێین بەرامبەرێ ـ فرصە ـ گەلەك ئاخفتنێد دی بنڤیسین وەكی (كەیس ، بیڤە ، دەرفەت) .

● جارەكە دی چاڤێد خۆ لبەرپەرێ (٤٧٥) ێ بكێرە دێ بینی بۆ (سداد) (پشك) وا بكار ئینایی .

پشك : دكرمانجییدا بمەعنەیا (برعم ، قسم ، قطعە ، ..) دێت .

وە بۆ هندێ ئەم زمانی خۆ ژ هەڤ نێزیك بكەین پێدڤیە لهەموو شێوێد زمانێ كوردی دەوارو ئەو مرۆڤێد بكارێ بازرگانی رادبن .

بەلێ هەكە بێژین :

ـ ئەڤە بازرگانچی یەكی مەزنە .

ئانكو ـ تاجرەكی ـ مەزنە .

یان دێ بێژین :

شۆلێ ڤی هەر بازرگانی یە .

ئانكو ـ تجارە ـ یە .

لێرەدا بۆ مە خۆیا دبت كو :

بازرگان = قافلة

بازرگانچی = تاجر

بازرگانی = تجارة

بۆ مە ئاشكرا بوو پەیڤا (بازرگان) واتەیا (تاجر) ی نادەت .

● ل روپەرێ ٤٤٩ بۆ پەیڤا (راهاتن) ی كوردی (تطبیقات) ی عەرەبی وا بكارئینای لام وایە ـ (راهاتن) ـ بەو ڕادەیە شوونا ـ تطبیقات ـ ناكرت . (راهاتن) : زیاتر مەعنەیا (تعود) ی عەرەبی ددەت ، چونكە ئەم دێ بێژین :

ـ چی بكەم ئەزێ هوسا راهاتیم .

ژبەر ڤێ چەندێ هەكە بەرامبەری (تطبیقات) پەیڤا (راهێنان) بكار بینن باشترە هەر چەندە ـ راهێنان ـ بۆ دەرس و مەشقیش بەكار دێت .

● دیسان لبەرپەرێ ٤٦٠ بۆ ووشەیا (جیل) (بەرەباب) وا دانایی ، ئەگەر چی ئەڤ ئاخفتنە یە لێكدایە ، بەلێ راستر ئەوە بێژین : (بەرێ بابان) چونكە ـ جیل ـ نەوەو زورەتێ (ذریە) بابەكی بتنێ نینە بەلكو ئێ هەموو بابانە .

● بەرێ خۆ بدە بەرپەرێ ٤٦٧ هەكە بەرامبەری (دار الایتام) (هەتیوخانە ، یان ئێتیم خانە) دانابە بتر خەلك دێ تێگەهشتبا . هەكە ئەم بەرێ خۆ بدەینە ئەو ووشەیا بۆرا هلبژارتی (سێویخانە) و لێ بكۆلین دێ بینین :

سێوی = سێڤی

لدەڤەرا مە « سێڤی » بواتایا « یتیم » نائێت ، بەلكو بواتایا چەكێ مەزن دێت ، ئانكو سێ چار هەیڤی . دێ بێژین :

ـ ئەڤە بەرخەكی سێڤی یە .

ئانكو یی سێ چار هەیڤی یە .

ڤێجار هەكە بێین و « سێویخانێ » وەرگێرین دێ بەرامبەری « دار الصغار » دەركەفت نەوەكو « دارالایتام » ژ بەر ڤێ چەندێ چو گومانو خەوشی نامینت هەكە بێژین « هەتیوخانە » یان ژن « ئێتیم خانە » هەر چەندە (یتیم) عەرەبی یە .

● ئەگەر ل روپەرێ ٤٨٠ بۆ ئاخفتنا (شكایە) (گلی) بكار ئینابە باشتر بوو ژ ئاخفتنا (گازن) .

بهزرا من ـ گازندە ـ مەعنەیا تەماما ـ شكایە ـ نادەت .

گازندە : دەربرینا هەستەكی یان چەند ناخفتنەكایە لنێڤا دوو مرۆڤانو ئەو مرۆڤێ ـ گازندێ ـ دكەت هۆسا خۆ دیار دكەت كو یی مەزلومە . لسەر هندێ را گازندێ تەرزەكی بەرمیێ و پارانەوەیەكێ وا تێدا هەیی . بەلێ ـ شكیاتێ ـ دەربرینا هەستەكی یە لدەڤ مرۆڤەكی دی برك و قەحەرین و دڤێت هەڤی ژ بەرامەرێ خۆ بستینت .

گازندە : (لۆمە) بەرامبەری (دار

پێرا چونەكا پلەز لسەر فەرهەنگا كوڕا زانیاریا كوردی

« خەلیل جندی »

« ئەڤ مەوزوعا خواری یابنافێ من هاتیە نڤیسین گەلەكە نرێژ بوو ، پێشەكی یەكەگەلەكەبنرخ ژێژا هاتبووە دانان . بەلێ پشتی مە شاندیەچاپخانی ولێ هاتیە دان مە نێری دەورو بەری سێ چار لاپەرا لێشیاوێ وا هاتیە بزداندن ، مە گەلەك پێ نەخۆش بوو ، بەلێ چونكە لێ دابوو مە ئەڤیا مەوزوعێ راكەین ڤێجار ئەڤ یا خواری بتنێ دێ دانینە پێش چاڤێد خونەڤانێد هێژا » .

● ل روپەرێ (٤٤٢) بەرامبەری (تاجر) پەیڤا (بازرگان) وا دانایی ، وەراستر ئەوەیە بێژین (بازرگانچی) ـ وەكوو « قۆلچی ، چایچی ، كاروانچی ... هتد » .

هەكە ئەم بەرێ خۆ بدەینە چیرۆكێد بەرێ گەلەك تێتە گوتن :

بازرگان برێ كەفت .

یان :

بازرگانەكی مەزن وا لدۆراگوندێ مە دانایی .

لێرەدا ـ بازرگان ـ مەعنەیا (تاجر) ی ناگرت ، بەلكو بەو دەستو ئازخانە (مواد) تێتە گوتن كە بریتی نە ژ قوماش و

institut kurde de paris

مامۆستا "شۆ" لە مەیدانی دڵداری وغەرامیات دا

شوکریست : محمود زامدار

★★★

تائێستاش هەرحەزی لێ ئەکەمو خەوی پێوە ئەبینم .. بەڵام ئەترسم ، بەڵێ ئەترسم ! سەیرە کە خەڵك هەم خوێ ئەوێ و هەم خورما ! کەچی خەمو دەردەدڵو جوانی بازیم بەهۆی شیعرەوە - بەناچاری - بەبا ئەدەم ..

راستە ئەمرۆ من بەرواڵەت پیرو کەفتەکار دیارم ، تاقەتی هیچم نەماوە ، بەڵام ئارەزوی شێتم ، هەوەسی هارم سۆزی لاوێتی ، هەراسانی کردومو ئاگری تێبەردراومو پرزەی بریوم ..

نەبوەو نابێو ناکرێ دڵێکی وەك ملی شوکری شەکەت بێو ووشك هەڵگەڕێو وازلە دڵداری و جوانی بهێنێ ، مومکین نیە ئەم جۆرە شیعرانە بڵێو هەرزەو مەرزەی ئەم دەورودوکانە بڵێن (شوکری) تاقەتی جارانی نەماوەو بۆنی خورمای لێدێ :

چێوەی کوردستانی گەورە دەرنەچوون ، کە ئەمەش دیارە لەهەستی بەجۆشی نەتەوایەتیمەوە هەڵقوڵابوو - چونکە من نامەوێ شیرازەی کوردایەتی بپچڕێنم یانی من دڵداریم لە کوردستانی ئێرەو کوردستانی ژیردەستی تورك و عەجەمو ئەوەی ئەو دیویش دا کردوە .. با ئەوەش فەرامۆش نەکەم کە لەپەناوەو بەدزە دزە دڵداریەکی چکولانەشم لەگەڵ کچەعەجەمێکا سازدابوو - کاتێ کە لە شیراز بووم - و ئەم شیعرەیشم بۆ هونیبوەوە :

از روخو چشمەو ابوسینەو پوستانو زفن
زکدامش دهیم بوسە بگو ، سرو و چمن
گوفت خود چشم بداری، نیگەهی کون بونکر
زکجا خوب تەرایە ، بەچشم بوسە بزن
گوفتم اینها همە خوبن ، نمیدانم لیك
خوبتر داری ازین ، تا بنەهی پیشیۆ من
گوفت اری کی بدارەم ، من ازاینها بیهتر
زیری نافم ، نیگری ، خوبترن ازهمە تن
گوفتم آیاکی بداری ، تو از اینها بیهتر
گوفت پیشایی ببین دیدە بەدیدار فگن
گوفت این دورجەکی نەشکوفتە ، نە دیدەستشما
(....)از سمی ئاهویی خونن

بەڵام ناوی ئەم کچە نهێنی یەکەو نادرکێنرێ ، چونکە بەڵێنی ئەوەم پێ دابو ، تاشوکری ، شوکری بێت ناوەکەی نەزرێنم .. باوەڕیان هەبێ خزمینە ، قەوم و قیلەکان ، هیچ شتێ بەقەد (سەلت)ی خۆش نیە ، سەلتی یانی کامەرانی و بێباکی و خۆشبینی و مل هوڕی !! ئاخ زەمان ، پەککو چەرخی چەپگەر ، درێغ بۆسەلتی و ڕۆژانی رابردوو .. ! .. هەروەکو گوتم دوای ژن هێنان دڵداریم واز لێهینا کەچی بەڵام ئەم کچە نهێنی یەکەو نادرکێنرێ ، وەك ملی شوکری شەکەت بێو ووشك هەڵگەڕێو وازلە دڵداری و جوانی بهێنێ ، مومکین نیە ئەم جۆرە شیعرانە بڵێو هەرزەو مەرزەی ئەم دەورودوکانە بڵێن (شوکری) تاقەتی جارانی نەماوەو بۆنی خورمای لێدێ :

سەرنجم دایە دووچاوی کەژاڵت
لەبەژنو قامەتو حوسنوجەمالت
تەواو گوێم داوەتە دەنگی زوڵاڵت
تەماشای گەردنی پڕ خەتو خاڵت
بکەم ، یا ماچی لێووکوڵمی ئاڵت
دەزانم تۆ بەجوانی خۆت دەنازی
بەعیشوەو لارو لەنجەدیارە (شازی)
چ خۆشە وا لەگەڵ (شوکری) دەسازی
وەرە باپێکەوە دەس کەینەوازی
هەتا بگرم دوو (سێو)ی گردو کاڵت

پ - باشە مامۆستا ئەی منالو گوڵ ؟

و - منال بەرهەمی دڵداریە، سەرچاوەی ماچو موچی دڵدارانە منال ئەبێ وەك (گوڵ) پەروەردە بکرێ ؟ ئای چەند جوانە کەمنال بەشیری قوتوە کیکۆس و میکۆس بەخێو نەکرێ ، چونکە ئەم جۆرە شیرانە هەموی شیری (سەگ و گورگ و چەقەڵو کەمتیارو کەڕو ڕێوی و بەراز)ن ! بەراستی تامنال منالەو گاگۆلکێ ئەکا جوانە ... بەڵام کەداوای (پایسکیل)ی کرد زۆر ناهەموارو بڵچو ناشیرینو رەزا قورس ئەبێ !

پ - زۆر بەجێیە ، کەواتا شیعری چەپڵە ریزان یانی چی؟

و - شیعری چەپڵە ریزان (رد الفعل)یکە دژی ئەم شیعرو و میعرانەی ئەمرۆی هەندێ کۆڵکە شاعیر .. کانیاوی شیعری سادەی دڵداریە ، وەزنێکی سوك و سواری هەیەو کچ زو پێ دڵنەرم ئەبێ .. سەرباری ئەوەش بۆ تەوسو نوقورچ گرتنو گەمەو دەسبازی دەس ئەدا بەمەرجێ نەپرو (ئاودار)و پاراوبێ وەك شیعرە موقناتیزیەکانی من !! لەبیرمە کە مەلا بووم لە خێڵی شاتری جافان دا بەدەم شیعرەوە باسی نوێژو رۆژو حەجو زەکاتم بۆیان ئەکرد .. ئەوانیش - خوا قبوڵ ناکا - سەریان بۆ شیعرەکە ئەلەقاند بەڵام زۆر ڕقیان لە باسەکەم بوو .. کەپرێکا وەك - بروسکە - ئەمەم بەدەما هات :

گوێم لێبوو کە یەکێکیان پێژی لەبابەتی نوێژو رۆژی هەموو ئەژانین چی ئێژی بەسیە پێناوی درێژی لەبابەتی تر با بێژی !

بۆیە هەر لەورۆژەوە کەوتمە سەر هەوەسی دانانی ئەم جۆرە شیعرانە ، شیعری وەزنی چەپڵە ریزان ، شیعری دڵداری و ژنو جوانیو تەوسو گاڵتە .. لامۆایە ، تۆ ئەوەلین کەس بووی کە دەرکت بە (مۆسیقا)ی ئەم جۆرە شیعرە بەنرخانە کردبێو خەڵکەکەت لێخەبەردار کردمو هونەری ئەم هونەرەت خستە بەرچاوی خەڵك ، بەتایبەتی (لاوان) !!

بڕوانە : ل ٧

هاوکاری

وتمە یارم ماچی سەر
کوڵمت بکەم یالێوو (چاو)
پێی وتم (چاو)ت هەیە ،
کامیان لەلا چاکە بە (چاو)
وا بەشیرینی وەلامی
دایو ، یارم نازەنین
لێی نزیکۆبوم ، هەتا
خستمیە باوەش خۆی تەواو
چەن خۆشە پێکۆ بە
خۆشی رابواردن دوو بەدوو
جا بەمەرجێ قەت نەژانی
پێت رەقیب بتخاتە داو
ئەی رەقیبی بەد سروشت
بەسیە ئیتر دەس هەڵگرە
بابژین هەردوو بەخۆشی
عاشقو مەعشوقی لاو
تاوەکو لاوی بەباشی
رابوێرە (شوکری) باش
تۆ لەئێرانو لەتوران بێ
ترس و لەرزو خاوە خاو

باوەڕبکەن ..! کە یەکێك لە (١٧)ی رەجەبی شەوی شەممەی ساڵی (١٣٣٠) کۆچی لەهەڵەبجەی شار بێتە نەم دنیا (قۆرە) - مامۆستا شوکری گوتەنی - تا بەئەمرۆیش ئەگاو لەتەمەنی (٦١) ساڵەدا شیعری لەمەش تەپرو (ئاودارتر) بهۆنێتەوە ، مەگەر هەر خۆی لەخۆیدا مایەی بەهرەو لێهاتنێکی لە ئەندازەبەدەرو نهێنی بێو ئەگەر موعجیزە نەبێ چیوای لە موعجیزە کەمتر نیە پێتان سەیر نەبێ ، یەکێك سەرەتای شیعر گوتنی بەم (ئاوداری)یە دەس پێبکا ، ئەبێ شیعرەکانی ئەمرۆکەی چۆن بێ ؟ ئەمەیان رازێکە لەنێوان منو مامۆستاو خوادا .. بێگومان ئەم چەشنە بەرهەمو خوایەو بەرهەز ، بەهرانە دادەنێگی خوایەو هەر کەسێك ناکەوێ ...!

ئەم شاعیرە سەرمەستو دڵناسکە ، خوێندنی لەلای باوکی دەس پێکردوە ، تاخوێندنو سەوادی پەیاکردوە ، ئینجا ملی ناوە بە فەقێیتی یەوە !! لەبارەی ئەم قۆناغە تەنگەبەرو ئەنگوستە بەچاوەی هەڕەتی لاوی و دڵداری خۆی دا ، مامۆستا ئەڵێ :

(هێشتا منال بووم حەزم لە دڵداری ئەکرد ، نەك تەنیا لەگەڵ کچی شۆخو چاو بەخۆمارو بەژن خەرامانو بەس ، بەڵکو ئەمەندە هاربوم لەگەڵ کچی (قەیرە)ش دا .. سەرەپەنجەکانم ئێستاش شوینەواری پێوە دیارە ..

بەسەیری مەزانن ، کەسیش باخۆی نەکا بە فریشتە وئیفە بە سەر راستیو دڵداریو ژوانو ژوانکاری دانەدا .. چونکە دڵداری، خۆشەویستیەکە وەك کانی هەڵئەبڵوقێو دائەرژێ بۆیە خۆتت پێ ناگیرێو ئەتەوێ بەتەنگەتاوی هێرش بەریتە سەر ئەم کانیەو تادوا چۆری لێچك بکەی .. - مەبەستم دڵدارو دڵبەرە - .. بەس نیە کە ئەم هەمو شەڕو شۆڕو قەتلو قیتالە لەبەر چاوی کانی دڵداریەوە سەرهەڵئەدا .. بەرای من ئەوکەسەی دڵداری نەکا گومانی لێئەکرێ!، چونکە هەموو گیان لەبەریك دڵداری ئەکا ، چ جای ئینسان !)

پ : باشە ، گەر ئەم راجون جوانانەت بەرامبەر دڵداری هەبێ ئەتوانی - بێپێچو پەنا - بەروازی یەکەم دڵداری خۆتو ناوی دڵبەرەکەتمان بۆ بدرکێنی ؟

و : هەیهو .. بەروازی یەکەم دڵداریم راستەوراست لە (بەهاری) ساڵی (١٩٢٧)ەوە دەس پێدەکا .. (٩) ساڵی رەبەق، بەشەوو بەرۆژ دڵداریم کردوەو کۆڵم نەداوە ، تا لە (١٩٣٦)دا ژنم هێناو هەوەسی جاری جارانم نەماو بۆ ماوەیەکی زۆر وازم لێ هێنا .. هەر بەم بۆنەیەوە ئەمەوێ ئەوەش بڵێم کە دڵداریەکانی من لە چوار-

لاپەڕە ٦

خەڵاتی نۆبڵو دووهەڵوێست

فەهمی قەرەداغی

ئەم ساڵ لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی نوبل لە (ئوسلو) دوو کەسی هەڵبژاردبۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە (بۆ ئاشتی) ، یەکێکیان دوکتور (هینری کیسنجر) وەزیری دەرەوەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەوی تریان (لی دوك ثو) راویژکەری تایبەتی وەفدی ڤیتنامی دیموکراتی لەکۆبونەوە چوار قۆلیکەی پاریس دا .. بۆ ئەو هەوڵو تەقەللاو بەشداربیە کاریگەرەی یایان بۆچەسپانەنی ئاشتی لە ڤیتنامدا و مورکردنی ریکەوتنەکەی پاریس .

بێ گومان ئەو لیژنەیە ئارەزووی خۆیەتی خەڵات بەکێ ئەدات وە لەوانەیە ئەوانەی پیبان ئەبەخشرێ شایەنی نەبن تەنانەت لەم چەندساڵەی دوایی دا خەڵکی پیشکەوتن خواز کەوتوونەتە گومان کردن لەعەدالەتی دابەش کردنەکە ... بەڵام سەیر ئەمجارە ئەوەیە کەدووانی زۆر جیاوازی بەرانبەر یەك وە بەقەدەر یەك خراونەتەهەردوو تای تەرازووی پێوانەی لیژنەکەوە ...

(لی دوك ثو) جوامێرێکی دلیری ڤیتنامی قال بوی خەباتو تێکۆشان دژی داگیر کەرانوشەڕ خوازان ، نوێنەری گەلێکی قارەمانو ئاشتی خواز .. خراوەتە ریزی (هینری - کیسنجەرەوە) سەهیونی یەکی دڕی شەر خواز ، نوێنەری گەورەترین دەولەتی تیمپریالست لەم سەردەمەدا ...

بەڵام (لی دوك ثو) زۆر لەسەرخۆ خەڵاتەکەی رەت کردەوە وە بەئاشکرا پێ ووتن : نامەوێ .. نامەوێ تاریکە - وئنەکەی پاریس بەتەواوی جێ بەجێ نەکرێ .. تا دەنگی تڕپەکان کپ نەبێ لە ڤیتنام .. تابەراستی ئاشتی نەچەسپێ بەڵێ خەڵاتی ئاشتی ناوی .. نامەوێ ئاوەکوو ئاشتی هێشتا لەسەر کاغەز بریقەباتەوەو بەکرێگیراوانی سایگۆنو ئاغا ئەمەریکاییەکانیان هەموو رۆژی هێرش بەرنە سەر خەباتگیرانی وولاتەکەی ..

بەڵام کیسنجەری تینوی خەڵاتێکیو کە هەڵویستە شەڕ خوازێکانی پێ بشارێتەوە (لەڤیتنام ، لەخاکی عەرەب ..) بێسێو دوو بەشانازیەوەوەری گرت لەکاتێکدا ئەمەی ئاشکرا ئەکرد ، هەر پێنج دەقیقەیەك فرۆکەیەکی فانتۆم بە فرۆکەوانە ئەمریکاییەکەیەوە لەئیسرائیل ئەنیشتەوە بۆ هێرش بردنە سەر گەلو خاکی عەرەب !

بێ گومان ئەمە سروشتی ئیمپریالستەکانە .. بەرواڵەت لافی ئاشتی خوازیو ئازادی-خوازیو عەدالەت لی ئەدەنو بەکردەوەش درندەن .. گورگن ..

هەرچەند هەندێ جار لە پێستی مەڕدا خویان حەشار ئەدەن .

هونەر و زمان

عەبدوڵا سەراج

نیگار پێش مۆسیقاو ئاواز ئەکەوێت لەپەیوەندی دا بەووشەوە بەڵگەشم ئەشکەوتە دێرینانەیە کە مرۆڤ بەر لە ٨-٩ هەزار ساڵ ئەخشاندویەتی . بەڵگەیەکی تریشم ئەوەیە کە بناغەی هەر زمانێك لەنیگارەوە پەیدابووە (بنچینە ئەلفو بێی هیرۆگلیفی و زمانە هیندو ئەوروپییەکان) لەباشان ئەو نیگارانە بەرەو (تجرید) چوونە .

چۆن وێژە زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە هەروەهاش زانستو دەبەبەو هونەر ریبازێکی زیندەی خۆیان هەیە . جۆرە لەوانەیە نییە بگۆڕدرێ بەهەر رەنگێکی تر ، بۆ نموونە ئەگەر توانامان دا بیینە نیگارێکی عەرەبی بکەین بە پرچاوەك هەوەراوە یان پەخشدلی وێژەی ئاسیۆ سیمفۆنی (هەر جەند لەم جۆرەیەوە کۆشش ئەفەڵاتە) زۆر کراوە بەڵام پێ سەرو بۆیە ئەڵێم : ئەوەی ئەیەوێ لەزمانی هونەر بکات، پێویستە پێشەکی ئەلفوبێ ئەو زمانە بزانێتو شارەزایی پەیدا بکات لەوردەکاریو نهێنییەکانی دا .

بێ گومان پیتو وشە رەستەی زمانن ، هەروەها نۆتەو ئیقاعو دەنگ زمانی مۆسیقا پێك دێنن ، پەیکەرو نیگاریش کەرەستەی خۆیان هەیە ، زمانەکانیش لێ پێك هاتووە وەك : رەنگ ، هێڵ ، کەوانە ، بۆشایی ، پلەی رەنگەکان) لەنیگارداو رووە ، بۆشایی ، گۆشەو بارست لەپەیکەردا ..

کاتێ گوێ لە پارچەیەك مۆسیقا دەگرین ، بێ گومان پێویستیمان بەوە نییە ئاوازەکانو پەیژەی موسیقیو ئیقاعەکانو شی بکەینەوەو بەرواردیان بکەینەوە لەگەڵ پیت و برگەکانی زمانی فەرهەنگدا ، چونکە گوێمان راهاتووە بەزمانە تایبەتیەکەی مۆسیقا ، بەڵام کە گۆی لە مۆسیقایەکی بیانی ئەگرین وەك مۆسیقای سیمفۆنیو فۆکستروت و جازو ... هتد .

کەمێك دانەنێنین ، چونکە هێشتاکە بەتەواوی ئەلفوبێی ئەو جۆرە مۆسیقانە فێرنەبوین هەروەها لەنیگارو پەیکەرتاشی دا چاومان خۆشی بەنیگارێك دێو نەفرەت لەیەکێکی تر دەکات ، چونکە لەزمانی ئەو بابۆیە ناگەین ، جا لەبەر هەرهۆیەك بێ ، بۆیە پێویستیمان بەراهێنانو چاوزاخاودانو خوێندنەوە سەرنجدانی وێژەخازەکانو پیشانگاکان هەیە .. وەکو چۆن زمانی فەرهەنگ لە ئەلیکەوە بۆ گەلێکی ترجیاوازی هەیە ، هەروەها زمانی هونەر ئەگۆڕێت لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی تر ، لەسەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی تر ، هەروەها لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر ..

لە کۆتایی دا ئەڵێم ، راهێناتی گوێو چاو بۆ چێژوەرگرتن سنووری بۆ نییە ، بگرە پێویستە ئەو راهێنانە بەردەوام بێت ، هەر کەم تەرخەمیەك لە رێڕەوی هونەر دوامان دەخاتو ئاستی هەستو چێژوەرگرتنمان لاوازو بگرە کوێر دەکاتەوە .

بڵیندگۆی تەزیو

برهان نامق

چاوەروانی ئەوەمان ئەکرد منالەکانی شارەکە سەرلەنوێ لەگەڵ چەرخی گەورەی بیشەسازی نوێدا لەدایك ببنەوە پەککەوتەکانی ناوشار یانەی تایبەتیو باخچەی میللیان بو دروست بکەن .. بێ کارەکان دەستیان لەکارگیر ببێت دوا رۆژی ژیانیان مسۆگەر بکرێ . نەخشەی شارەکە سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە .. لە سەرەتای ئەم هەموو چاوەروانیەدا لەناکاو قیژاندی .

- ئوتومبیلی ئیسعافەکە ناشارەزای مالی هەژارەکانە .. کۆڵانە تەنگە بەرەکان وەکو جاران مەکۆی خۆ شاردنەوەو دەست وەشاندنە ، یاساوتەکان فەرمانی پاراستنی تەنیا راستە شەقامەکەیان پێیە .. بازرگانەکان لە خرپەی خەو رائەچەنن دەمو دەس بیر لە دروست کردنی پرۆژەیەکی نوێ ئەکەنەوە !!

خاوەن سەلەمەکان بەفازانجی ساڵی داهاتووشەوە خەریکن .. زوربەی قوتابیەکان لەبەر هەژاری قوتابخانەکانیان بەجێ دێڵنو لەکێڵگەکانا ئیش ئەکەن .. ڕاژانە بەکشتوکاڵەوە خەریك ئەبنو شەوانەش جوتیارەکان لەزولمو زۆری دەرەبەگەکان تێ ئەگەیەنن ، دیمەنە سارد ەکان لەسەر دەقی خۆیان ماونەتەوە .

لەوکاتە مەییوەدا پاچەکەی دابەزەویدا .

- وتیان مەکینەی گەورەتان بۆ دێنینو فێری ئیشکردنی تازەتان ئەکەین !! گوایە ئیتر لەماندوێتی رزگارئەبین .

- من بیرم بێ ئەم قسەیە هەر ئەکرێ .

- ئاخۆ بیر لەدوا رۆژمان نەکرابێتەوە ؟

- کێ بیکات ؟ بەدەستی خۆمان سەری خۆمان نەخورێنین کەس تیماری ئازاری کەس ناکا .

- برسیەتی رەگی هاری بەدەمەیەوەیە .

- لەگیروگرفتێك رزگار ئەبین یەکێکی ترمان لەبەردەم قوت ئەبێتەوە :

- جەنسەری هەموو تاوانێك بێ ئیشیە .

- تا شوناسنامەکانمان نەگۆڕین دەقی ژیانمان بەم جۆرە ئەمێنێتەوە .

(بڵیندگۆی شارەکە هاواری کرد) ..

- نەختێك بەئارام بن ! پرۆژەی ساڵی تازە بۆیاخێکی دێ لەرووی شارەکەمان ئەدا .

(بوو بە چەپڵەرێزان .. زەحمەتکێشەکان داوای نانو ژیانیان ئەکرد .. قوتابخانە بۆ منالەکانیان .. نەخۆشخانە دەردەکانیان تیمار بگات .. داوودەرمان ئازارەکانیان دامرکێنێتەوە .. رێگاوبان ..)

... پاچەکەی لەمالەوە دانا .

ئەمرۆشیان ناوێتەی گۆبەندەکە کرد .

- منالەکان برسیانە .

- با چاوەڕوانی کولیرەبن .

- ئەم چاوەڕوانیە بوو بە چی .

- منیش تێ ناگەم .. دەمێکە بیر لەم چاوەڕوانیە ئەکەمەوە .

بڕوانە : ل ٧

institut kurde de paris

پاشماوەی : لەسەرچوارەمین شەری عەرەبو ...

بۆ جەبهەی سوریا رازی بوو و لەکردەوەدا خۆی لەبەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی دریەوە • لەبارەی نەوتیشەوە بێجگە لە عیراق هیچ وڵاتێکی عەرەبی هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە قازانجی نەوتی وڵاتە ئیمپریالیستەکان نەگرتەپێش •

ئەوانە بەجێی خۆیان ، ئەو وڵاتانەی بەکردەوەش لە ئەڵ دوژمن بەرەوڕوو بوونەوەنگی هەنگاوێکخستنی تەواویان لەئاودا نەبوو • بۆوێنە کاتێك هێزەکانی میسر لەکانالی سوئیز بەرینەوەو هێڵی بارلیڤیان گرت، ئیسرائیل کە دەیزانی ناتوانێ لە هەموو جەبهەکاندا وەك یەك شەڕ بکاو ئیمکاناتی دەسکەری و بەشەری تەواوی بەدەستەوە نەبوو ، بەتاکتیکی زیرەکانەی خۆی لەجەبهەی سینا کەوتە باری دیفاعیو هەمووتواناو ئیمکانیاتی خۆی لە گۆلان خستە کار • بەڵام دێزەکانی جەبهەی رۆژئاوا نەیانتوانی کاریگەی وا بکەن کە دوژمن ناچار بێ تەوژمی خۆی لەسەر جەبهەی شیمالی کەم بکاتەوە بەشێك لە هێزەکانی لەگۆلان بگوێزێتەوە •

رۆژی ٢٢ی مانگیش کاتێك ئەنجومەنی هیمنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری هاوبەشی یەکیەتی سۆفیەتی و ئەمریکای لەبارەی راگرتنی شەڕەوە پەسند کرد، وڵاتەکانی بەرەوڕووی دوژمن نەك هەر لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبیو بەتایبەتی عیراق کە بەهەموو ئیمکانیاتیەوە بەشداری شەڕەکە بوو ، تەگیرو راوێژیان نەکرد، بەڵکوو لەناوخۆشیاندا هەڵوێستێکی وایان نەبوو کە یان هەردوولا قبولی پێشنیارەکە بکەن یان هەردووکیان رەتی بکەنەوە • میسر لەلایەك و ئیسرائیل لەلایەك ئەوەندە زوو رایانگەیاند کە بە بریاری ئەنجومەنی هیمنی رازین کە زۆرکەس ئەوفکرەی بۆ هاتە پێش رەنگە پیش پەسندکردنی بریارەکە ئەوان لەسەر قبول کردنی رێك کەوتین • بەمجۆرە سوریاش کە نەیدەتوانی بەتەنیا شەڕەکەدرێژە پێبدا ئاخرەکەی موافەقەتی خۆی راگەیاند • لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو راگرتنی شەڕ - دەزچوونی کە ئەگەر شەرتی سوریا بۆ ئیسرائیل لە هەمووخاکی عەرەبی داگیرکراوە ناسینی مافی گەلی فەلەستین ی لێدەربهاوێین نە لەئەنجومەنی هێمنیو نە لە هیچ مەرجەعێکی سیاسیدا باسێك لە مافی چارەنووسی گەلی فەلەستین نەهاتە کۆڕێ •

پاش دەرچوونی بریارنامەی ئەنجومەنی هێمنی ئیسرائیل کە ئاوو هەوایەکەی بە لەبار هاتە پێش چاو بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری تەقەوەستاندن کەوتە خۆیو - وەك ستێ لەچاوی دەی - بەشێکی زۆری لە بەری رۆژئاوای کانالی سوئیز گرتو لەشکری سێهەمی میسری خستە ئابلووقەوەو بەوجۆرەهەڵوێستی خۆی لە « وتوێژی ئاشتی » داهاتوودا زیاتر بەهێز کرد • بەکورتی ببرینەوە مەسەلە وای لێهات کە دەتوانین بڵێین لەسەریەك ئیسرائیل بوو کە سەلەرای زەرەرو زیانی قورسی خۆی ، لەباری عەسکەریەوە ئەم جارەش بردیەوەو هەقداری واقیعی واتە گەلی فەلەستینبوو کە هەقی فەوتاو حیسابی بۆ نەکرا •

ئەم وەزعە، واتە تەواوبوونی شەڕ بەقازانجی ئیسرائیل ، دیارە زۆرهێزی ناوخۆیی و ناونەتەوایەتی هەیە کە لێکدانەوەیان لە توانای نووسەری ئەمەوتارە بەدەرە • بەڵام لەسەریەك دەتوانین نەبوونی هەڵوێستێکی عەرەبی یەکگرتوو بە هۆی سەرەکی دۆڕاندنی ئەمشەڕەش و هەموو شەڕەکانی پێشتریش دابنێین •

چونکە پشتیوانی بێدریغی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئیسرائیل - کە هێندێك ئیسرائیل - کە هێندێك دەیانەوێ بیکەنە هۆی پاشەکشە - نە شتێکی تازەیەو شاراوەو چاوەڕوان نەکراو • ئەمجار تاقی کردنەوەی وێتنام دەرسێکی زۆرگەورەیە• ئەمریکا نەك هەموو ئیمکانیاتێکی خۆی بۆ پشتگیری لە حکوومەتی سایگۆن خستبۆ کار ، بەلکوو زیاتر لە نیو میلیون سەربازیشی بۆ بەرەنگاری شۆڕشگێرانی وێتنام وەکار خستبوو • کەچی دیتمان لەبەرئەوەی گەلی وێتنام بریاری رزگارکردنی خاکی خۆی دابوو و بەهەڵوێستێکی پتەوەوە درێژەی بە شەڕی قارەمانانەی خۆی دا ، ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە تەسلیم بوونو « چوونەدەری بەولاوە رێگایەکی بو نەما » •

بێجگە لەوەو سەرەنیە ئەگەر لەباری تاکتیکی شەڕەوەش سەرنجی شەڕی ئەمدواییە بدەین ، هێندێك هەڵەی تاکتیکی تێدا بەدی دەکەین ، بەڵام بۆئەوەی « لە هەموو دیزان نەبینەئەسکوێ یەك» لەولایەنەی مەسەلەکە نادوێینو ئەوە کاری کارناسە نیزامیەکانی عەرەبیە کە هۆیەکانی عەسکەری ئەم وەزعە تازەیە لێك بدەنەوەو بۆ شەڕێکی داهاتوو - کە ئەگەر بیانەوێ ئەتەوەی عەرەب بەهەموو مافە رەواکانی بگا شتێکی حەتمیە - کەلکیان لێوەربگرن •

پاشماوەی : میکانیزە کردنی ..

دەستەی « شیبۆ »ی بەرهەم هێن ، کە ٧١ هەکتار زەوی چێنراوی بەدەستەوەیە ٧ تراکتوری هەیە کە بەهەموویان کێشی ٣٠٠ ئەسپیمان هەیەوە دەربارەی پارەکۆکردنەوە ، لەناو ئەمدەستەیەدا لێدووانێك پەیدابوو ، لەسەرەتادا هەندێك ئەیانووت ، مەگەر پارە لە حکوومەت قەرز کەین ئەگینا ئێمە توانای تراکتور کرینمان نیە ، بەڵام بەشی هەرە زۆری کادرو ئەندامانی کۆمەڵە رایان وابووکە وڵاتێکی بەرینی وەکو چین پیویستی بەژمارەیەکی زۆر پرۆژەیە ، وە ئەگەر بێتو ٦٠٠ ملیون جوتیار داوای قەرز لە حکوومەت بکات ئەمەکار ئەکاتە سەر خێرایی بنیاتنانی سوشیالیزم ، لەبەر ئەمە دەستەکە بریاری داکە گەشە بەوردەکار بکات ودەست بلاوی نەکات وبکەوێتە کارکردنێکی دلسوزانەی بەسوود لەپێناوی چارە سەرکردنی مەسەلەی پارەدا •

ئەوەبوو لە سالی ١٩٦٩دا ئەم دەستەیە چەند تیمێکی ریکخست بۆ مەعدەن وبەرد دەرهێنان وبەرەی قۆلایی چیاکان مایان نا تاسامانە سروشتیەکان بڕۆزنەوە ، وەلە هەمان کاتدا ئەندامانی کۆمون بەوتنە یەرەپێدانی وردەئیشی تر وەکو، حەسیر وسەبەتە چنین ، وە لە ماوەی چەند سالی کەمی رابوردودا دەستەکە توانی لەداهاتی ئەم کارەوردانە تراکتۆرو گەلی مەکینەی تری زەراعەت بکریت •

ئەندامانی کۆمۆن ئەم ریبازەبە « وردەکارکردن لە پێناوی دەستکەوتنی مەکینەو زیادکردنی بەرهەمدا» ناونەبن بەهۆی مەکینە بەکارهێنانەوە ئەم دەستەیە توانی سوود لە کریکار بۆکرو پرۆژەی ترەور بگرێت، بەمە بەرهەمی دانەوپلە لە هەر ٣ سالی رابوردودا لە هەر هەکتاریکدا ٦ تەنی زیادکرد ، وە بەتایەتی ئەم دەستەیە بار سەرەرای نەهاتیکی دریژخایەن کە ٣٠٠ رۆژی خایاند ، لە هەز هەکتاریك ٦٫٣ تەنی بەرهەمی زیاتر بولە سالی ئاسایی •

بەهۆی مەکینە بەکار هێنانەوە ئەندامانی ئەم کۆمۆنە رۆژ بەرۆژ بەورەتر بەرەو کۆرینی باری سروشتیی لە سایەی پشت بەخۆبەستنو کارکردنی بێوچانەوە هەنگاو ئەنێ ، وەلەم سالانەی دواییدا تراکتوریان کردبە بلدوزەرو زەویان پێتەخت ئەکرد، جگە لەوەی کەپارچە زەویەکی ٤٠ هەکتاریان تەخت کرد ، ئەم لاو ئەو لای چەمە •• کەشیان تەخت کردوچاندیان •

ئەم کۆمونە نەك هەر لە پێناوی گەشەپی کردن و پیشخستنی میکانیزەکردندا (مکننە) ئێ ئەکۆشێ ، بەڵکو ، مەکینەکانیش ئەپارێزی وئەوی ئەشکێت چاکی ئەکاتەوە ، وە ئەو گەراجی مەکینە چاکردنەی هەیە تی ئەتوانێت هەموو مەکینەیەك چاك بکاتەوە تەنیا هەندیك نەبێت کە بەهۆی یارمەتی مەرکەزی پاریزگاوە چاك ئەکرێنەوە •

ئەرکی ئیستگە مەرکەزیەکەی ئۆراکتور لەکوموندا کە ١٠ تراکتوری هەیەو ٤٧ کریکارو کاربەدەستی تری تیا ئیش ئەکەن ئەوەیە کە لەدووی بەریوەبردن تەکنیکیەوە سەرپەرشتیو چاودێری هەموو تراکتورەکانی کۆمونەکە ئەکات ، وە زۆر جا تەکنیکی ئەنێریت بۆدەستە بەرهەم هێنەکان بۆ ئەوەی سەیری مەکینەکان بکەنو ئەوەی خراپ بوە چاکی کەنەوە وچ تەکنیکی نویش هەیە فێریان کەنو مەشقیان پێبکەن •

تونگ شۆن کە جوتیاریکی هەژار بوو ئێستا تەمەنی ٤٩ ساڵە وبەکیك بوو لەوکەسانەی لەسەرەتاوە کۆمەڵی هەروەز- کاریەکەیان لە ١٩٥٣دا دامەزراند بۆتە کریکاریکی کارامەی لێوەشاوە لە تازە- کردنەوەی تەکنیکیدا ، وەلەو کاتەوە کەلەم ئیستگەیەدا دامەزراوە گەلێ نوێکردنەوەی تەکنیکی بەئەنجام هێناوەو وەگەلێ گورێنی لەومەکینانەدا کە لە ناوچەکانی تریان کریوە کردوە بۆ ئەوەی تەواو لەگەڵ سرووشتی ناوچەی کۆمونەکەی خۆیاندا بگونجێنو ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەئەو مەکینانە سوودی زیاتریان لێوەرگیرێت •

تونگ شۆن ئەڵێت : «کەمەان دەردی - سەری وتاڵی نەچێشت بەهۆی کۆمەڵگای کۆنەوە ئیتر چۆن ئێستا لە پێناوی میکانیزەو پیشکەوتنی کشتوکاڵو کۆمەڵگای نوێ- ماندا ؟ »

بەدل وگیان کارنەکەین ؟

پاشماوەی : پوستەی خوینەران

دوو بەردا شا •• ئاخنیوە
نازانن کە رایئەکێشین
تیژتر ئەبێ
تیژتر ئەبێ
پارچە شیعرەکەی تریشت (هیڤا منو هەڤالا من) درا بەو برادەرانەی کەسەرپەرشتی لاپەرە (پینج) ئەکەن •

دوا پارچە شیعرت (ڕێشکی هەواڵەکان) شیعریکی پەسەندو رەسەنە فەرمو با خوینەرانمان بی خوێننەوە :

دڵدارەکان
دڵداری من
شەنگە بیری خەیاڵی من ••
سەری پەنجەی دەستەکانی
لەگەڵ تەونی بەرەو ماڤور
گشت کوتراوە !!

ماڵی ئێمەش تاکەماڵە
بێ رایەخ بێت !!

***

ئەی نیهادەکانی عیشقی
دڵدارەکەی من ، سەر
پەنجەی
لەگەڵ چنینی کلاشو ••
گۆرەویدا
پفکەی کردوە
وا خوێنی سوری تێزاوە
کەچی منیش •• تەنیایەکم
بە پێ خواسی
لەگەڵ کاروانی چاوکراوەی
هەموو جیهان کەوتومە ڕێ

***

تا ژمارەیەکی تر چەپکێ گوڵوچەپکی نێرگز •• مەرگتان نەبینم هەرگیز •

پاشماوەی : ئەسەرچوارەمین شەری عەرەبو ...

قایم نەکەن ••• بەڵام گەلی شیلی کە خاوەنی ئیژوویەکی پڕ فیداکاریە بەچۆکا نایەتو بە سەخاوەت قوربانی نەداو بەربەرەکانی فاشستی یەکان ئەکات ••• وە وتی لە ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ دکتور ئەلێندی چووە ناو کۆشکی « لاموندا » پیویستە ئەم رۆژە بە جەژنو روژی نارەزایی دەربڕین دابنرێ دژی کۆنەپەرستی !

خاتوو هورتینسیا لەکوتایی وتارەکەیدا وتی :- با خەباتو ئێکوشان درێژە بکێشیو رێگای تێکوشان سەختو گران بێ بەڵام من دڵنیام لەوەی کە گەلی شیلی ،

هەر سەرئەکەوێت !

لە «نوقوستی »یەوە وەرگیراوە

پاشماوەی : گەوڵەتن فەرهەنگی ...

لەگەڵ ئەم فەرهەنگەدا ، کانیش •

٧ - نەبونی «تفرغ » بۆکاری فەرهەنگیکی تری زانیاری وا کەمروف بتوانی کاتێکی خۆی بۆ تەرخان بکات •

پ - باشە ئەی دەربارەی گیروگرفتی چاپکردن ؟

وەڵام : ئەسەلەی گیروگرفتی چاپکردن ، خۆی لە خویدا گیروگرفتێکی گەورەیە ، کە چاپەمەنی کوردی بە دەستی یەوە دەناڵینی •

پرسیاریکی تر :-

لە دوای ئەم فەرهەنگە چ پروژەیەك ئامادە دەکەن ؟

ماموستا کەمال :

بادی شۆرشی ئوکتوبەری مەزن - پاشماوە

پەیمانی سایکس - پیکۆو هەموو پەیمانە ئیمپریالیستیە- کانی ئاشکراو رسواکردو بانگی گەلانی رۆژهەڵاتی کرد بۆ رزگاربوون لە ئیمپریالیزمو دەستدرێژی ، سەرەڕای ئەمە کە گەلی کوردیشی گرتەوە ، شێخ مەحمودی نەمر پەیوەندی بە وڵاتی سۆڤیەتەوە کردو داوای کۆمەکی لێکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی و مافی چارە- نووس نیشان کردن • ئەمە جگە لەوەی کە لەگەڵ رزگاربوونی گەلانی روسیادا ئەو بەشە کوردەی لە کۆمارەکانی ئازربایجانو ئەرمێنیاو جۆرجیادا بوون بە مافی نەتەوەیی خۆیان گەیشتنو لە چەوسانەوەی نەتەوەیی رزگاریان بوو وە دەست لەناو دەستی هەموو نەتەوەو کەمایەتی یەکانی تری سۆڤیەتدا لەبنیاتنانو پێشخستنی سۆشیالیستیدا سەربەرزانە بەشداربوون •

ئیتر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەگەلانو نەتەوەکانی سۆڤیەت ئەکەینو هیوادارین تادێت خەباتی ناوکۆیی گەلانو نەتەوەکانی دنیا پتەوو بەهێزتربێت لەپێناوی روخاندنی ئیمپریالیزمو دامەزراندنی سوشیالیزم لەسەرانسەری دنیادا •

پاشماوەی : چی پیویستە ...

بارە بەم شیوەیە زیانی گەورە بەکۆمەڵو ولات ئەگەیەنێتو هەنگاوی بە گوڕی پیشکەوتنمان بێهێزو لاواز ئەکاتو درەنگ ئەمانگەیەنێتە ئەو مەلبەندەی بۆی ئەچین •

پاشماوەی : لەگەڵ ماموستا

پ - باشە ، بابینەوە سەر باسی خۆمان ، ئەی لەئاوەرتا لەمانە کامەیانت بەدڵەو لەبەرچیو چۆنیان هەڵئەسەنگێنێ ؟

گوێ :

حەز ئەکەم گوێ لەدەنگم بگرێ لەوەختی شیعر خوێندنا !

لووت :

کەلووتی ئافرەتم بەرچاوکەوێ من سەیری چاوی ئەکەم نەك لووتی ، تابزانم ئێسکی سووکە !

دەم :

حەز ئەکەم دەم بنێمە دەمی، تا دەچێ خەمی !

لێو :

بۆ مژینو لێسینەوە !

پوز :

ئەگەر سپی بێ خۆشە •• ئای چەند جوانە پڕی کەی لەپاوانە تا خرنگەی بێ !

قژی :

حەزئەکە (تاتا) بێ •• تاجارجارە لایدا لەسەر کوڵمی •

گەردنی :

پڕبێ لەخال ، وەك خاڵەکانی من !

ماچ :

لەبارەی ماچەوە ئەمەم بەکەنیشکە هاورامی یەك هەڵگوتوە :

کە داوام کرد لەباری نازەنین ماچ
ووتی هاپتشکەشت کەم سەر
هەتا قاچ
کەوای ووت دەستی یەکمان گرتو هەڵسایین
بەرەو چەمچەم لەچەم بوو ،
بۆ چەمو کاچ
لە باخێکا بە (هەورامی)
ووتم پێی
کناچە چیمە واچی ،
مەواچۆ پێم ئەدا ، تاتۆم مەواچان
چەنی شوکری ئوا پەی
باخی ئەو لاچ
بەواتەی دایك و باوکی کە
وتە شوێنم
بەرەو باخچەو گوڵو گو
ئزاری سورباچ
بەخۆشی رامبوارد من تا
تی لاوی
بەتایبەتی لەباغو دەشتی
سووراچ
ئەگەر راستت ئەوێ ،
ژینێ ژیانە
بەنۆبە ماچو موچ بێ ،
ماچ لەسەر ماچ !

برای خۆم :

ئەمە سوچێکی شاردراوەی ژیانو سەربردەی لاوێتی مامۆستا (شۆ) بوو ، کەخۆی لەخۆیدا جێگەی دەیەها لێکۆڵینەوەو دیراساتی (سایکۆلۆجی)و (ئەکادیمی)یە •• هەرهیچ نەبێ ئەو راستیەمان بۆ ساغ ئەکاتەوە ، کەئەم کوردی ئێمە ، مومکین نیە بێ (دڵداری) بژینو هەزارەها (فەرهادی کۆهەکەن)و (کاکە مەمی بۆتان)یان لێ نەکەوێتەوە ئەگەر پیردژنە سەرئاسنینو فەرهاد کوژەکان لێی بگەڕێن، بۆیە راستەوخۆ بەمامۆستام گوت :

پ : توخودا ماموستا ئەگەر بەراستیو سەراحەت رای تایبەتیو بەرودوای خۆت لەبارەی (غەرامیات)وە بۆمان نەدرکێنی ؟

لەوەڵامدا ووتی :

کاکی خۆم •• غەرامیات بۆ میللەتی باشە ، کەسەر بەستو خاوەن قەوارە (کیان) بێت ، وایە یانا ؟!

«پەردەدادرایەوە»

پاشماوەی ل١

پاشماوەی : قاهیرەواشنتۆن ...

هەردووکمان باسی شەڕو ئاشتیمان کرد •• ئیمە بەرەو ئاشتی هەنگاو ئەنێین و دیدەنی یەکەمان بنیات نەرانەیە وەسادات کەلە تەنیشتیەوە دانشتبو وتی : من لەگەلیام ! لەلایەکی تریشەوە بەیاننامەیەکی رەسمی لەقاهیرە بلاوکرایەوە تیادا راگەیەنرا کە ئەمەریکاو میسر بریاریاندا کەپەیوەندی دیپلوماسی لەنیوانیاندا دابمەزرێننەوە • وەمیسر کاك (اشرف غربال)ی کرد بەباڵیوز لەواشنتۆنو هیرمان ئیلتس بەباڵیۆزی ئەمەریکاو لە قاهیرە دانرا •

پاشماوەی : گەمەودیا

دووزە وە بەپێی هەواڵی ئاژانسەکانی دەنگوباس لەم شەڕەدا بەلای کەمەوە ٧٠٠ سەربازی فنوم پن لەناو چووە• وەرزگار بوونی ئەم دوو شارە بەگەورەترین تێشکانی عەسکەری دائەنرێت کە رێژیمەکەی لۆن نۆل دووچاری بووە •

پاشماوەی : گینیا - بیساو

ئەڵێ : لە ٢٤ ئوکتۆبەرا جەنگاوەران بەسارۆخ شەستیرە وە پەلامارى سەربازگەی کومباميان داوو زیانێکی گەورە یان پێگەیاندو چەند تانکێکیان پەك خست • وە لەهەمان رۆژا جەنگاوەران ٢١ ئوتوموبیلی بارهەڵگری دوژمنیان لەنزیك بەندەرێکی کوبومبامەوە پەك خست •

پاشماوەی : گوشەی ئافرەت ...

شتانەی بۆ دروست کردنی ئەم خواردنە پیویستن :

١ - شەش پەتاتەی گەورە•

٢ - شەش هیلکە ، ٥٠ غرام کەرە ، خوێو دەلوبیبەری کوترا و ، جۆری دروست کردنی : شەش پەتاتەکە بشۆرەوەو بیان کوڵێنە ، چاکترواید کەمێ خوێ بکەیتە ناو ئاوەکەوە کە تیا ئەکوڵێنی، دوای کوڵاندن ئەخرێتە فرنەوە کە سوور بوەوە ، بۆ ماوەی ٣٠ دەقیقە داینێ ، ئینجا چەقۆیەکی تیژ بێنە بەشە سەرەوەی پەتاتەکان بجرە، دوای ئەوە بەکەوچەك ناوەکانیان هەڵکۆڵە ، هەندی خۆی بکەرە ناوەکانیان ، ئینجا کەرەیان تێکە ،دوای ئەوە هەر پەتاتەیەك هیلکەیەکی تیا بشکێنەو جاریکی تر بیخە فرنەوە بۆ ماوەی ٣ یان ٤ دەقیقە تا هیلکەکان لەناو پەتاتەکانا تونکو توڵ ئەبنو پێش ئەوەی پێش کەشی کەیت چاکتر وایە هەندێ ئاوی لێموی ترشی بکەیت بەسەرا •

ئامادەکردنی : شیرین

پاشماوەی : یادداشتی حکومەتی کوریا ...

بەشەوە ، ئیمەش ئەم کارە بەخیانەت دائەنین کە بەرامبەر بەنەتەوەی کۆریا ئەکرێت •

رێگای راستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆریا

یادداشتەکە ئەڵێ : کۆریا نەبێ یەکبگرێتەوە ، رێگاکەشی هەر لەسەرەتاوە روونو دیارە • وە لەو رۆژەوە کوریا بووە بەدوو بەشەوە ، داگیرکردنی کوریای خوارووو لەلایەن هێزی بێگانەو دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی خوارووی کوریا هۆی سەرەکی سەرنە- کەوتنی وتوویژی ژوورووو خوارووو یەك نەخستنەوەی کۆریا بووە •

سەرۆك کیم ئیل سونگ سەرۆکی کۆماری دیموکراتی گەلی کوریا لە ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣ بەرنامەیەکی تازەی پێنج خاڵی پێشکەش کرد بەدەبەستی بەدەی هێنانی - ئاواتی نەتەوەو چارەسەر- کردنی مەسەلەی کۆریا ، وە پێنج خاڵەکەش ئەمانەن :-

١ - لەپێناوی چاککردنی پەیوەندی نێوان ژوورووخوارووو بەدەستەوبردی یەکخستنەوەی ولات بەئاشتی- یانە پێویستە ، لەپێش هەموو شتێکدا رادەیەك بۆ بەرەنگاری عەسکەری دابنرێتو باری گرژبووی نێوان هەردوولا خاوو بکرێتەوە •

٢ - یەکخستنەوەی ولات وا پێویست ئەکات کە هاوکاری- یەکی هەمەلایەنە لەمەیدانی سیاسیو لەشکرو دیپلۆماسیو ئابوریو روشنبیریدا لەنێوان ژوورووو خوارووو سازبکرێت •

٣ - بۆ ئەوەی مەسەلەی یەکخستنەوەی ولات بەگوێرەی پێداویستی ئەلەکەمان چارە- سەر بکرێت ، پێویستە یارمەتی کۆمەڵانی خەڵك بدرێت بەهەموو جورە چینەکانیەوە لەژوورو خوارووا بۆئەوەی لەمەسەلەی کاری نیشتمانی یەکخستنەوەی نیشتماندا بەشدار ببن • وەلەپێناوی جی بەجێکردنی ئەم مەبەستە پیویستە کونفرا- نسێك بگیرێو نوێنەری توێژو چینو هەموو پارتی یەسیاسیو رێکخراوە کۆمەلایەتی یەکانی تیادا بەشدار ببێ •

٤ - ئەوەی لە هەمووبان گرنگ تر ئەوەیە کە یەکێتی- یەکی کونفدرالی لەژوورو خوارووپێك بهێنرێو هەردوو سیستەمی کۆمەلایەتی ئیستا کەی ژوورو خوارووو وەکو خۆیان بهێننەوە • وە ئەوەو یەکێتیی یەك ناوی هەبێو یەك دەوڵەت بێ • وە ئەو دەوڵەتە کونفدرالی یە پێی ئەوترێ « کوماری فیدرالی کوریا » •

٥ - ئیمە لەو باوەڕداین کە ئەبێ رادەیەك بۆ ئەودوو بەشی یەی کوریا دابنرێو پیویستە لەمەیانی چالاکی دەرەوەدا ژوورو خوارووو بەیەکەوە ئیش بکەن ، نابێ هەچیان بەتەنیا بچنەناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوە- کانەوە پێش ئەوەی مەسەلەی نیشتمانی کوریا (کە یەکگر- تنەوەیە) چارەسەر بکرێ •

هەروەها یادداشتەکە ئەڵێ : خەباتی گەلی کۆریا لەپێناوی بەئاشتی یەکخستنەوەی ولاتدا بەشێکە لەخەباتی نارکۆیی گەلانی دنیا دژی ئیمپریالیزمو کۆلونیالیزمو رەگەزپەرستیو لەپێناوی رزگاری نیشتمانیو پەرەسەندنی ولاتدا ، هەروەها ئەو خەباتەی گەلی کوریا داکوکی کردنە لەئاشتیو ئاسایشی ئاسیاو دنیا • دیسانەوە یادداشتەکە ئەڵی چوارەمین کونفرانسی بەرزی دەرلەتانی بێلایەن بریارێکی گرنگی دەرکرد دەربارەی مەسەلەی کوریاو لەپرپارەکەدا پشتگیری خەباتی رەوای کۆماری دیموکراتی گەلی کوریای کردو داوای کردبوو کە هەموو هێزەکانی بێگانە لەخاکی کوریای خوارووو بکشێتەوە •••

بەمجورە گەلانی دنیا پشتگیری خواستو ئاراتی گەلی کوریا ئەکەنو رۆژ بەرۆژ دۆستانی گەلەکەمان لەزیاد بوونداین •

insitutekurde.de paris

پاشماوەی : بلند گۆی تەزیو

- ئاخری خێر بێ •

- تا هێز لەمەچەکمانا مابێت هیوا لەدەروونیشمانا ئەمێنێ (لەمال هاتە دەرێ هەرچەند ماندووبوو بەڵام هیوایەك لە دەروونیا چەکەرەی کردبوو) •

- بەس نیە وەك هەندێ (.....) نین لە هەوەڵی مانگەوە بکەوینە قەرزکردن ، بەقەدەر بەرەی خۆمان پێ رائەکێشین • کرێ خانووە- کەشمان لەرۆژانەی دوورۆژمان تێ ناپەڕێ •

(دووڵاوەکە لەبەردەرگای کۆگایەکی رازاوەدا گلەیی و بناشتیان ئەکرد) •

- ئەم سامانە لەیەك پشتا کۆنابێتەوە !!

- خەڵکی لێیان زانی •

(لەبەر دەرگای نانەوا خانەیەك بوو بەسەر) •

- بابزانین مەسەلە چی یە ؟ بگەینە ئەنجامێك •

- بگەینە ئەنجامی خۆمان باشترە •

- لەمەدا لەگەلت نیم •• ئازاری ئێمەیش ئازاری ئەو خەڵکەیە •

منوا تێ ئەگەم کەهەر کەس بۆ خۆیەتی •

- ئەگەر واش بێ ئەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین •

(خەڵکی هەموو چاوەروانی چارەسەر کردنیان ئەکرد) •

ڕەخنە

لەپاش باران کەپەنگ

● بۆی گێڕامەوە .. وتی: منال بووم ، زۆر بزیـــوو هارو هاج بووم ، ســـەرم بەهەموو کونو کەلەبەرێـــکدا ئەکردو مام پیروتیکیشمان لـە مالا بوو ، زۆر نەوســـنو چڵیس بوو .. هەموو جارێ فیرێ ئەکردم ، ئەی وت :بڕۆ لەو مێوژو گوێزە بدزە ، کـــە لەماڵەوەیە ، جا بەشـــت ئەدەم ! منیش بەگوێم ئەکـردو هەموو جارێ ئەچوم هـەر دوو گیرفانم پڕ ئەکردو ئەم هێناو ئەم کردە دەستی مام پیروتو ئەویش دەستی ئەبـــرد لەبەرهەمی دزیەکەی خـــۆم ، سێ چوار دەنگی ئەدامێ ! بەو جۆرە .. ئەو زستانە هەتـــا بەهار ئەوە پیشەم بـــوو .. لەپاشان بیرم کردەوە ، کە من ئەیدزم بۆچی خۆم نەی خـۆم، بۆ بیدەم بەوو ئـەو بەشـــی منی لێ بداتەوە .. یان هـەر ئەم دزیە بۆ یکەم .. بـەڵام داخەکەم .. هەتا من بیـــرم کردەوە کار لەکار ترازا بوو.. جەواڵەکە هیچی تیا نەمابوو !

● بیرکردنەوە بۆ خـــۆ چاك کردنو دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست شتێکی پیرۆزو بەجێیە، چونکە هەموو کە سێ نوشـــی هەڵـــەو لەرێ لادان ئەبێت ، دانان بە هەڵەو گوناهیـشدا نیشانەی دانایە .. بـــەڵام زیرەکی لەوەدایە کە مـــرۆڤ هەستی کرد کەوا هەڵەیە خێرا بکەوێتەوە دروست کردنەوەی خۆی ، « لینین » ئەڵێـــت (گرنگ ئەوە نیە کە بکەوی ، گرنگ ئەوەیە کە کەوتـــی ، هەستیتەوە) ..هەستیتەوەو بەگیانیکی پتەوو بـــاور بەخۆکردنەوە .

● هەندێ هەیە ، هەست بەهەڵەی خۆیئەکات بە تەقەوە ئـەکەوێتو وزە بەر ئـــەداو گیانی دانەهێنرێتو نانوانی خۆی لەهەڵەکەی رزگار بکات، هەتا دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەر ئەچێو ئەوسا :

بە پەلە پرۆژێ ، ئەیەوێت ، کەپەنگ بدات بەســـەو .. لەشی تەڕبوی‌دا !!

نووسینی : ڕەوا

چاپکی‌اوی نوێ

بەڕێوەبەریتی‌ی گشـــتی‌ی خوێندنی کوردی ، بەشی هێزی فێرکردن ، ژمارەی یەکەمی لە زنجیرەی چیرۆکی منداڵان چاپ کردوو کـــەوتە بازارەوە ، دانەیەك لـــەم بەرهـــەمەی بەڕێوەبەریتی‌ی ناوبراو کـــە ناونیشانی « هاوکـــاری »یە پێش‌کـــەش بـە کتێبخانەی ڕۆژنامەکەمان‌کرا ، سوپاسیان ئەکەین‌و هیوادارین‌سەرکەوتوو بەردەوام بن لە خزمەت کردنی کوردو کوردستاندا .

**

بە بۆنـــەی بیرەوەری شـــۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنەوە :

بـــۆ « لـــێـــنـــیـــن »

ئەو ڕۆژەی ، کـــە وەك بیلبیلە..
لەناو چاوی ، وەرزێرێکی کوردستانا ، بەدیت ئەکەم ..
لەدیو تری ، ئەو دیمەنە ،کاری‌گەرەی ، ئاواتمە ..

– ڕەش‌و ڕووتە ئازیزکان ..
(ئاسۆی دوورمان ...،
تادێ ، نزیك ئەبێتـــەوە !)

شۆڕشگێڕێ ...
کە تفەنگی ئازایەتی ، بازووی‌خۆیی لەسەر شان‌بێ ..
دەنگی گوللەی ، تەکـــانی ڕێ‌بەرنەدانی .
لەناو چاوی منـــالانی ڕەش‌وڕووتا ...
کـــاتێ ئەبێ بە زەردەخـــەنەی‌نەبڕاوە ..
« باوەڕی تۆ » پەلەپیتکـــەی‌تەقاندنی تفەنگی‌بێ .

چەند حەزئەکەم ....
وەك « باوەڕی »
وەك‌و « ڕێگای »
بیلبیلەی چاوی کارگەرو ...،
وەرزێرەکانیشمان ئەبووی ....
– ئەوسا ..
(ئەزانین چۆن ئەگەین)

– مرۆڤ –

تاقی کردنەوەیەکی پزیشکی سەرکەوتو :

ئافرەتێك ، منداڵی ئافرەتێکی تر لەمنداڵدانیایە/وە/دە ئەکات !

وێنەی دوکتور بلانکۆ کە ئەم عەملیاتەی کردوە .

★ **پزیشـــکێکی ئەرجـــەتینی توانیویەتی – هیلکەدان – مبیض – ی ئافرەتێکی ساغ بخاتە منداڵدانی ئافرەتێکی نەزۆکەوە !**

★ **ئافرەتەکە ئیستە لەمانگی خۆیایەتی ..**

★ **پزیشکەکە وتویە : سەرکەوتن مسوەگەرەو سەری ئەم مانگە ئافرەتێك منداڵێکی ئەبێت کە خۆی دایکی نیە !!**

لەمەودوا ، هیچ ئافرەتێـــك(نەزۆك) نابێت ! واتە ، هەموو ژنێـــك چەندە گیروگرفتـــی‌تەندروستی لەرێگـــای منـــداڵ نەبوونیا بووبێ ، بەئاســـانی‌لەرێگای زانستو فراوان بوونی شـــارەزای پزیشـــکیەوە .. بەئاسانی چارەسەر ئەکرێت.. بەئاسانی، ئەتوانرێ «هیلکەدان– مبیض »ی ئافرەتێك بخرێتە منداڵدانی ئافرەتێکـــەوە کـــە« نەزۆك »ەو منداڵی نابێت ... دوای‌ماوەیەك ... ئەبێ بەدایك.. بەڵام دایکی منداڵێك ...کە ... لەسکی خۆشیا گەورەبوەو... هی خۆشی‌نیە !!

بۆ ڕووناك کردنەوەی‌زیاتری‌ئەم باسە .... ئەوا ڕووداوی – خاتو مـــاریا – تان بـــۆ ئەگێڕینەوە کە سەری ئەم مانگە منداڵیکی ئەبێت :

وێنەی هیلکەدانی ئەوژنـــەی خراوەتە منداڵـــدانی ئافرەتـــە – نەزۆك – ەکەوە .

دوای دەرهێنـــانی – هیلکەدانەکە – خراوەتە جامێکـــەوە – پەنسلین –ی تێدایە بۆئەوەی هیـــچ میکرۆبو پیسیەکی بەرنەکەوێت .

وێنەیەك لەکوردستانەوە :

پەك کەوتوی شارێکی تر ،ڕووی کردۆتە هەولێر بۆ سوال‌کردن ، وادیارە ، وای زانیوە، هەولێر سوالکەری زۆر کەمە !

کامێرای : م. حیدری

● دوکتور (بلانکۆ) کـــەپزیشکێکی ئەرجەنتینیە ، لـــە ٣١ی کانونی دووەمی ئەمساڵدا« هیلکـــەدان – مبیض »ی ئافرەتێـــکی دەرهێناو خستیەمنداڵدانی ئافرەتێکی ترەوە ... ئەمرۆ ... ئەو ئافرەنە کـــەناوی – ماریا – یە لـــە مانگی خۆیایەتی .

« ماریا » ژنی بازرگانێـــکی‌دەوڵەمەندە لە ســـان فرناند دوکاتا مارکا » لە ئەرجەنتین ماوەی دە ساڵە شووی کردووە، پزیشکی شارەزا لەنەخۆشـــی ئافرەتدا لە وڵاتەکەی‌و حواروی ئەمەریکا نەما پەنای بۆ نەبات لە پێناوی ئەوەدا کە منداڵی ببێ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو ...وە دڵنیاکرا ، کـــە « نەزۆك »ەو هەرگیز منـــداڵی نابێت ...« ماریا » هیوا بڕاو نەبوو ... تا زانی « دوکتـــور رائوول بلانکو » لە (بوینس ئایرس) خەریکی ئاقی کردنـــەوەیەکی‌سەیرەو بۆ ئافرەتێك ئەگەڕێت ئامادەیی خۆی بیشان بات کەبچێتە ژیر ئەو تاقی کردنـــەوە گرانەوە ... ئەویش چانـــدنی« هیلکـــــەدان – مبیض »ی ئافرەتێکە کە منداڵی ئـــەبێ لـــەمنال دانی ئافرەتیـــکدا کـــە « نەزۆك » بێو منداڵی نەبێ !« ماریا » چوە لای‌دوکتـــوری ناوبراو ... تاقی کردنەوەکـــە سەرکەوتو وەك لەســـەرەوە وتمان ئیستە مانگی خۆیەتی .

کەواتە ، هـــەروەك چۆن ،دڵی یەکێك ئەدڕی بە یەکێکی تر ، یان گورچیلەی یەکێـــك ئەدرێ بە یەکیکی کە «هەروەك لەعیراق دوو عملیاتی سەرکەوتوبەو جۆرەکرا » ئەوا مەسەلەی منـــاڵ نەبوونیش بـــەو جورەچارەسەر ئەکرێ .

تاقی کردنەوەکەی دوکتـــوربلانکو ئائیستە بەسەر کەوتویی ڕۆیشتووە ، ئەنجـــامی دوایش‌ئەم سەری مانگە دەر ئەکەویت کە « مەزیا » منالەکەی ئەبیت .

بەکورتی
لە – ئورینت برس –ی بەیروتیـــەوە

ئافرەت

مرۆڤێکی چەوساوەیە!

احلام منصور

مەسەلەی ئافرەت، لەو مەسەلە ئاڵۆزانەیە کە تا ئێســـتا نـــەتوانراوە ، بەشـــێوەیەکی قووڵو مەوزوعی چارەسەر بکرێت بەتایبەتی لـــەو وڵاتانـــەی بەتەواوی رزگار نەبوونو تا ئیستا چەوســـانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤـــەوە تیـــایاندا بەردەوامـــەو بەدەست پاشماوەی‌یاساو نـــەرێتی دەرەبەگایـــەتی‌و بورژوازی‌یەوە دەناڵێنن .

ڕاستە رزگـــار بووی ئافرەت ، بەستراوە بـــەو زروفە ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە ، کە هەیە بەڵام ئایا شتێکی ڕاستە ئافرەت بەژێر دەســـتەیی بمێنیتەوە ؟ ڕاستە ریگەی نەدرێت ، شان بەشـــانی پیـــاو ئیش بکـــاتو تێ‌بکۆشی‌و دەوری‌تایبەتی خۆی لـــە گۆڕانو پیش خستنی کۆمەڵدا ببینێ ؟

دڵنیـــام ئەوانەی کەمیکیش‌بڕوایان بەسەر– بەستی ئافرەت هەیـــە ، کتوپڕ بە « نـــەء »وەڵام دەدەنەوە !

وەك دەزانین ، لەبـــەر ئەوەی تا ئیستا میللەبە– کەمان تووشی چەندەهـــا چەوســـانەوە بووەو بەژیردەستەیی ماوەتەوە ، نەتوانراوە چارەیـــەك بۆ مەسەلەی ئافرەتی کـــورد دابنرێتو بیرێك لە مافە سەرەتاییەکـــانی خویشی پێرەوا ببینرێت ، هـــەر چەندە رەنگـــە تا نیستا زۆر قسەی لێوە کرابێت وە لەســـەری نووسرابێت بـــەڵام – بـــەرای من – زوربەی ئـــەم نووسینانە ئەو نرخـــە میژوویـــەیان نی‌یەو نەیان توانیـــوە بەشێوەیەکی‌قوڵو ڕاست دەست نیشانی تـــەواوی لایەنە ئاڵۆزەکانی ئـــەم مەسەلەیە بکـــەنو چارەسەرێکی زانستی‌یانەی بۆ دابنێن .. ئەمەش نـــەك تەنیا لەبـــەر ئەوەی تا ئیستا ئافرەتی کورد ئەو ماوەیەی نـــەدراوە ، تا سەربەســـتانەو بێ‌ترس گیروگرفتـــەکانی خۆی بخاتـــە روو و بەرگـــری لەخۆی بکات . بەڵکـــو بەشێوەیەکی سـەرەکی ، لەوەوە دەست پێدەکات کە زوربەی هـــەرە زۆری ئەو کەســـانەی دەربارەی ئەم مەسەلەیە نووسیویانە خاوەنی ئایدیولۆژیەتێکی پێش‌کـــەوتن خوازانەی ئەوتۆ نەبوون کـــە پێش هەموو شـــتێك بڕوایان بەوە هەبێت کـــە ئافرەت **پێش ئەوەی ئافرەت بێت مرۆڤە !**

خۆ ئەوانەش‌کە خاوەنی ئـــەم ئایدیولوژیەتە بوون لەبەر هەندێ (اعتباراتی) کۆمەڵایـــەتی‌و ئاینی‌و .. هتد ، نەیان توانیـــوە بەتەواوی‌و بەشـــێوەیەکی شۆڕشگێڕانە مەســـەکە بخەنـــە ڕوو ، کـــەواتە نووسین دەربارەی ئـــەم مەسەلەیەو لیکۆڵینـــەوە چەندە پێویستی بـــە ریگە دانی ئافرەت هەیە ، تاکو سەربەستانە بەرگری لـــە خۆی بکات ، ئەوەندەش‌و زیاتر پێویستی بەکەسانی پێش‌کـــەوتن خوازو شۆڕشگێڕ هەیە .

باڵەفڕەی وشـــەکـــان

– کەمال –

● تـــەمو مژێکی ئەستوور ئاسمان قووت دەدات ... لە گۆشـــەیەکی ئاسۆوەگرمەی هەورێ ... بروسکەیە .. شەقەی باڵێ !

نـــەء .. دەنووکێـــك درز دەخاتـــە توێکڵی هێلکـــەیەوە خەریکە پیس هەڵبێت ... دەنگێك لەدایك دەبێت ...

● **هیچم پێ‌نی‌یە خۆشەویستی ئێوە نەبێت .. خەمی ئێوە نەبێت ... تووڕەیی ئێوەو .. خواستی ئێوە نەبێت ..**

لێرەوە پیتەکـــان دروست دەبن .. وشـــەکان خۆدا دەڕێژن .. ڕستەکان هێزی ئـــەوەیان دەبێت بـــژین .. بخوازن .. بجەنگن ..

● دەفـــرن بۆ دوور .. بۆ هەموو ئاسۆ ئەرخەوانی‌یەکان ... بۆ ناو جەرگی هەموو هەواڵە بریندارەکـــان ... بۆ سەرچڵی هەموو لوولـــە جەنگاوەرەکـــان ... بـــەڵام هێـــلانەی ســـۆزو خۆشەویستیان کوردســـتانە ...

کوردستان .

● **گەرووی ئەم ئاوازانە بڕی پێشـــکەوتن خوازە .. نوێ خوازە ... ڕاســـتی ویستە ... بۆیە تکـــا دەکـــرێ بەچاوێکی‌وردبینەوە وشەکان هەڵســـەنگێنن ... بـــە هەســـتێکی دڵسۆزانـــەوە هەڵەکان ڕاستکەنەوە ...**

● ئەو ناونیشانە ! بـــەڵێ ! هێشتا تـــەلی قەفەزەکـــان نەپسێنراون .. ئاسمانەکان ڕوون نەبوونەتـــەوە .... باڵەکان نەڕواون !

● **لەپێنـــاوی خۆشەویستی ئێوەدا ... ئەوانەی کـــە خواستتان بوو جارێکی تر.. گەرمتر .. بەســـۆزتر .. دڵسۆزتر ئەم وشـــانە بکەونە باڵەفڕێ .**

● لەپێناوی ئێوەو .. ئەوانەی بەخوێنو ئارەق گـــوزرانی ژیان دەشێلن .. بە گیـــان نەخشەکان دەگۆڕن –

● **ئەموشانە بەشەرمەوە دێنـــە سنووری هەرێمی ڕووناکایی**

گۆشەی ئافرەت

جل‌و بەرگ :

بایەخدان بەرێکو پێکی جل‌و بەرگ یەکێکە لەهۆکـــانی ڕازاندنەوەو جوانی ئافرەت ،وە لەناو کوردەواری‌دا ، هەرچەندە جل‌و بەرگی کوردی زۆرتـــر بەکار ئەهێنرێ ، بەڵام ئـــەو ئافرەتانەی لە دەرەوەکارئەکەن پێویستیان بەجلی مۆدە هەیە . ئەمجارە کزاسیکمـــــان هەڵبژاردوە کـــە لە جامانـــە دروست ئەکرێت‌و چەنـــد کیژێکی عیراقی ئەم بەرگـــە نوێ‌یەیان لە باحچەیەکی‌گشتی‌دا پیشان داوە ، ئەمەش شێوەی دروست کردنی بەرگەکەیە : بڕینی دوو پارچە کـــە لەپێشەوەو دواکـــەی دەر ئەهێنرێ‌و ئەم دوو پارچەیـــە هەریەکەیان بەشمی لایـــەکیەتی ئەوســـا شێونی پەنسەکـــان ئەدوورێ ئینجا سەر شانەکان ئەدرێنە دەم‌بەك‌و قۆڵەکـــانی پێوە ئەدوورێ . ئەو بەشـــەی پێشەوە کە ڕەش کراوەتـــەوە ، ئەخرێتە ناوەوە بەڵام بەشـــی پشتەوەی دورینی تیا نیـــە چونکە لەپێشەوە ئەکریتەوە .

خواردنی ئەم هەفتەیە :

خوشکی بەرێز : تـــەوخواردنەی ئەمجارە پێشـــکەشی ئەکەین لەناو کوردەواری‌دا زۆ باونیە ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بزانین ئەم خواردنە چەنـــدە بەکەلکە ، ئەوسا بەپێویستی ئەزانیت کە هەفتـــەی جارێك دروستی بکەیت . ئـــەو

بروانـــە ل ٧



institut kurde de paris